# ڕەهەندەکانی سۆسیۆلۆژیای شیعر سامی عەودالْ بە نموونە

**پ.ی.د.سلیم رشید صالح**
**زانکۆی صلاح الدین**
**کۆلیژی پەروەردە**

**م.ی.احمد محمود عبدالله**
**پەیمانگای تەکنیکی کۆیە**

## پێشەکی

هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی چەند بەها و پەیوەرێك لەخۆدەگردەگرێت، کە کاریگەری بەسەر خوێنەرو گوێگرەوە هەیە، شیعر یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی کە زیاتر کاریگەری هەنووکەیی هەیە بەسەر لایەنی دەروونی و هەستی خوێنەر،شیعر لە کۆمەڵی کوردەواری تا ئەم دەیانەی دوایی سەدەی بیستەم پەیام وئامرازێکی گۆڕانکاری بوو، زۆر لە شاعیرانی کورد هەستیان کردووە، دەتوانن لە ڕێگای شیعرەوە کۆمەڵ وریا بکەنەوە و پەیامی خۆیان بگەیەنن. لێکۆڵینەوە لە سۆسیۆلۆژیای شیعر هەوڵدەدات ئەو پەیوەندیە ئاڵۆزەی نیوان شاعیرو کۆمەڵ بخاتەڕوو. بگاتە چارەسەر بۆ ئەو گیروگرفتانەی کۆمەڵی سەرقاڵ کردووە، خستنەڕوی ئەو ڕەخنە و دیاردە کۆمەلایەتییانەی لەهەردوو باری نەرێنی و ئەرێنی. لێرەوە هەوڵمان داوە ئەوپەیوەندییە لە نێوان شاعیری کورد (سامی عەودالْ۱۹۱۰-۱۹۸۵ ) لەگەڵ کۆمەڵی کوردەواری بخەینەڕوو کە هەمیشە هەوڵی داوە پەنجە بخاتە سەر خاڵی لاوازو بەهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دیاردەکان هەڵبسەنگێنێ. ئەو بەهایانە دیاری بکات، کە گرنگن بۆ بەرو پێشچوون و فراژیبوونی کۆمەڵ. لەم ڕوانگە ئامانجمان ئەوە بوو تیشك بخەینە سەر هەوڵەکانی شاعیر لە بورای سۆسیۆلۆژی و لە لێکۆڵینەوەیەکدا گرنگی بابەتەکە بخەینەڕوو.

سنوری لێکۆڵینەوەکە بەرهەمی شاعیرو ئەو دەقە شیعریانەیە کە بەرهەم هاتوون و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵی کوردەواری هەبووە و شیکاری کراون. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە وەسفی شیکاری ، وەسفی بۆ لایەنی تیۆری سۆسیۆلۆژیای ئەدەب ، بەتایبەتی شیعر و شیکاری بۆ دەقە شیعریەکان. ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکە لە لە دووبەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە چەند تەوەرێك پێکدێت کە بریتیە لە چەمکی سۆسیۆلۆژیا و شیعر و تەوەرەکانی تایبەت بە ڕەهەندە سۆسیۆلۆژیەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆژی و فەلسەفی. بەشی دووەم لە چەند تەوەرێك پێکدێت کە خۆی لە پراکتیزەکردنی ڕەهەندەکانی شیعر دەبینیتەوە، لەگەڵ خستنەرووی ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەکە بەهەردوو زمانی عەرەبیی و ئینگلیزی.

## سۆسیۆلۆژیای شیعر:

سۆسیۆلۆژیا لەڕوی چەمکەوە، هەڵگری چەندین پێناسەی جیاوازە. توێژەرانی بواری کۆمەڵایەتی لە دید و ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەیان کردووە، ئەویش بۆسەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە ڕۆشەنگەری و کۆمەڵایەتییەی سەدەی حەڤدەم و هەژدەم دەگەڕێتەوە، واتە بۆهەردوو سەردەمی ڕێنیسانس و شۆڕشی پیشەسازی و ئەنجامەکانی هەردوو شۆڕشەکە بەتایبەتی شۆڕشی فەرنسی ساڵی ( ۱۷۸۹ز ). فەیلەسوفی فەرەنسی (ئۆگست

کۆنت)( ١٧٩٨- ١٨٥٨ز)Auguste Comet))، بۆیەکەم جار لە سالّی ( ١٨٣٩ز) زاراوەی سۆسیۆلۆژیای( Sociology)بەکارهێنا. ئۆگست کۆنت، کۆمەڵناسی بە زانستی شیکردنەوەی دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنێت، وەك زانستێکی سەربەخۆ لە زانستەکانی دیی جیادەکاتەوە(انتۆنی گیدز: ٢٠٠٦: ٢٨ ). دواتر زانستی کۆمەڵناسی هەموو بوارەکانی ژیان و زانستەکانی تری گرتەوە. شیعر، لەو ڕۆژەوە پەیدابووە کاری لەسەر ژیان و گەیشتن بە خۆشی و دابینکردنی ئاسودەیی و یەکسانی بۆ تاکەکانی کۆمەڵ کردووە، هەوڵیداوە بەشداریی ڕاستەقینەی شۆڕش و هەوڵەکانی بەدیهێنانی ئاشتەواییی نیشتمانی و بەرەو پێشبردن وکاریگەری بەسەر گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێت، بە پێچەوانەی ڕۆمان و چیرۆك تویژەرانی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب شیعریان پشت گوێخستووە، لەوانەیە شیعری لیریکی بەرەو خود وسۆزداری شۆڕدەبێتەوە ناتوانرێت لە شیکردنەوەی کۆمەڵایەتیدا پراکتیزە بکرێت. بەم واتایە شیعر نوێنەرایەتی کۆمەڵ و ڕووداوە مێژوویەکان ناکات، بابەتەکانی بەلای سیاسیەکان و سەندیکای کریکاران و ڕێکخراوە نهێنیەکان گرنگ نین، بەڵکو بابەتەکانیان تەنیا بەلای ئەویندارى و سۆز و سروشت وەسفەوە گرنگە. ئەم تێگەیشتنە لەبارەی چەمکی شیعری لیریکی لەسەر هزرێك بونیاتنراوە کە دەڵێت: دەبێت بابەتەکانی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، شیکاری دیاردە کۆمەڵایتیەکان بگرێتەوە لەڕوانگەی وەلانانی ڕەهەندە میژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی نوسینەوە. ئەم هەڵوێستە تا (١٩٧٢) بەردەوام دەبێت و نووسەری ئەڵمانی (لیبفرید E.Leibfreied ) جەخت دەکاتەوە لەسەر قەسیدەیەکی وەك ( سرودێکی شەوانە ) بۆ ( گۆتە) ناتوانرێ ببێتە بابەتێك بۆ سۆسیۆلۆژیای دەق، لە بەرئەوەی کەمێك لە بونیاتە کۆمەڵایەتییەکانی لە دەست دەدات بۆ شیکردنەوەی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی،( لیبفرید) دەڵێت : ئەو جۆرە قصیدە بریتییە لە (منێکی گۆرانی) بەڵام هیچ ڕۆلێکی کۆمەڵایەتی ناگێڕێ. بەلای لیبفرپیدەوە ئاراستەی کۆمەڵایەتی دەبێ شاعیر بخرێتە بارێکی کۆمەڵایەتی لە بوارەکانی شیعری لیریکی(بیرزیما: ١٩٩١ : ٩٩ ). کەواتە ئەرکی شیعر لە سۆسیۆلۆژیای شیعر بەلای ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی، گەیاندنی ئەرکێکی کۆمەڵایەتیە ، بەڵام بە پێچەوانەوە بەلای هەندێك لە نوێنەری ڕەخنەگرانەوە وەك ( والتر بینیامین و تیۆدۆر ئەدرنۆ)، ، بەرانبەر چەمکی سۆسیۆلۆژیای شیعر ڕایان بە وشێوەیە نییە. لە ڕوانگەی تۆژینەویان لە شیعرەکانی بۆدلیر و ئیشندرۆڤ و هۆلدرین هەوڵیان داوە مەبەست و واتای کۆمەڵایەتی قسیدە لەسەر ئاستی زمان و نوسین دەرخەن. (جۆلیا کریستیڤانۆ ) لە کتێبی ( شۆڕشی زمانی شیعری ) و(سیمۆتیکای کۆمەڵایەتی دەقی شیعری کۆمەڵایەتی)، گۆڕانکاری لە ئاستی نووسین بەو پێیە چالاکی کۆمەڵایەتی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی خستەڕوو. پیشاندانی لۆتریامون و مالارمیە وەك دوو پیشەوا لەچوارچێوەی سیاقی کۆماری فەرەنسا دەقەکانیان یاخیبوون بوو لە دژی گوتارە ئایدیۆلۆژییەکانی ئەو سەردەمە و دواتر . لە دەقە ئەدەبیەکان ئەوانەی دەبێتە ڕێگر لەبەردەم سۆسیۆلۆژیای ژانری شیعر، دەبێت بەپێچەوانەی زانستی شێوازناسی و وزانستی سیمۆلۆژیا شیکاری کۆمەڵاییەتی ناتوانن بە دەقێك یا دووان یا سیان بەس بێ بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی یا وەسفێکی دەلالی تایبەت بۆشاعیرێك. دەبێت بۆ شیکردنەوەی سۆسیۆلۆژیای شیعر کۆی دەقەکەکانی شاعیرێك وەربگیرێ و شیبکرێتەوە لە بەرئەوەی دەق وەك پەیوەندیی بە دەقەکانی ترەوە هەیە و لەسەر ئەو پێوەرە شیبکرێتەوە لەبەر ئەوەی ناتوانرێ دەقێکی دیاریکراو بەراورد بکرێ بە بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و گوتاری ئایدیۆلۆژیی ڕژێمەکۆمەڵایەتییەکان و جیهانبینی، بەهەمان شێوە لە بەشی ڕۆمانێکێشدا ناتوانین بگەینە بەمەبەست و ئەنجام . ئەو گفتوگۆیە تیۆریانەی لەسەر شیکاری بونیادگەری قەسیدەی(پشیلەکانیLe chats )

بۆدلێرلەلایەن(کلۆد لیڤی شتراوس)و(جاکۆبسن )، ئەنجام درا گرفتەکە دەری خست لە بارەی سیۆسۆلۆژیا و زانستی شێوازگەری تەنها لە قەسیدەی پشیلەکانە، لەکاتێکدا ( گۆڵدمان ) ئارەزووی دەکرد بگاتە ئەو ڕاڤە کۆمەڵایەتیەی کە جیهانبینیی ( بۆدلێر ) لە قەسیدەی پشیلەکان لە دەقەکەیدا حەشاریدا بوو، لەگەڵ قەسیدەکانی تر تێکەڵ بکرێ و بەمەبەستی دەرخستنی بابەتە دەلالەت و بونیادە گشتییەکان کە بە جیهانبینییەوە بەستراوەتەوە بە قەسیدەکانی تریشەوە(بییرزیما : ١٩٩١ : ١٠٠). بەم پێیە دەبێت تۆژینەوە لە سۆسیۆلۆژیای شیعرسەرجەم قەصیدەکان وبەرهەمی شاعیرێك وەربگیرێت بۆ پیشاندانی جیاوازی و هێڵەگشتی و هاوبەشەکان و بەراوردکردنی بە دۆخە کۆمەڵایەتی ومێژوویی دیاریکراو، بە پێچەوانەی سیمۆتیکا و شێوازگەری کە دەتوانرێ لە یەك قصیدە بنچینەی بونیادە زمانەوانیەکە دەربخرێت. بۆیە دەتوانین بڵێن مەبەستی شیعر ئاوێتە بوونە لەگەڵ هەست و سۆز وجیهانبینییە هەستپێکراوەکان، ڕۆچوونە بەهەموو ئەو شتانەی ئاوەز پەی پێنە بردووە، هەوڵی هەڵسانی ویژدانی نووستووی زۆرداران و هەستە بێباکەکان بدات، دڵ و دەروونی مرۆڤایەتی ڕادەچڵەکینێ و ئازارو مەیەنەتی و دەروونی خامۆش گەش دەکاتەوە. هەست و سۆز دەوروژێنیت و بە باشترین شێوە کۆمەڵ ئامادەدەکات، بۆ بەرخودان و بەرنگاربوونەوەی زوڵم وستەمی زۆرداران و چین وتوێژێك پێکدێنێت و بەرەیەك دروست دەکات ڕایان دەچڵکینی و لە خەوی بێداری بێداریان دەکاتەوە. هەموو ئەو کەم وکوڕیانە دەخاتە بەرچاو، پەنجە لەسەر شتە پەنهان و شاراوەکان دادەنێ تیشك دەخاتە سەر هەمووگۆشەیەك لە گۆشەکانی ژیانی کۆمەڵ. شیعرهەر تەنها تایبەت نییە بە ژیانی گشتی، بەڵکو ڕۆڵی سەرەکی لە وروژاندنی هەست و سۆزدا دەبینێت، بە باشتیرن شێوە توانای بەرەنگاری دژیەك و جیاوازیە جۆربەجۆرەکان ببێتەوە، بە شێوەیەکی تر خۆی دەخزینێتەوە ناو قوڵایی دەروون و هەستی ئادەمیزاد و ڕای دەچڵەکێنی و ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو هەڵچوون و ئازارانەی مرۆڤە کە بەدەستی مرۆڤەوە دەیچێژێت و دەبێتە ئامراز بۆ گواستنەوەی خۆشەویستی و سۆزداری و ئەوین بۆ ڕەگەزی بەرانبەرو مێژووی ئەو چیرۆکانە دەنووسێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. لە لایەکی ترەوە هەست ودەروون لە دڵەڕاوکێ و دوودڵی دەرەوێنیتەوە ، کرداری پاککردنەوە ئەنجام دەدات، لێرەوە کرداری پاکبوونەوە بەلای (ئەرستۆ)وە لە هەڵچوونەکان ئەرك و مەبەستی شیعرە، ئەرکی چێژ بەخشین وخۆشی و سودبەخشێن لە ڕێگای پاککردنەوە (التطهیر ) ئەنجام دەدرێت ،هەروەك چۆن ( ئەفلاتون ) لە پێش (ئەرستۆ) کە تیۆری لاساییکردنەوە دانا کارو پێشەی لاساییکردنەوەی بە ئەرکی شاعیران دانا و بە کارێکی دووبارە وبێهودەی لە قەڵەم دان ایلیاالحاوی : ١٩٨٦ : ٤٨). هەندێ لە ئاراستەو تیۆری ئەدەبی هونەر بە بەرهەمی کۆمەڵگە لە قەلەم دەدەن، هونەرمەند بە کەسێکی کۆمەڵایەتی و کارەکەشی کاریگەری بەسەر کۆمەڵەوە هەیە. هەندێکی تر هونەر و شیعر لە کۆمەڵ دادەبڕن لە هەموو شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وکاریگەرییە دەرەکیەکان شیعر لە فۆڕمی دوور لە واقیع دادەڕێژنەوە و دوور لە شوێنەوارو ژینگەی کۆمەڵایەتی و شیدەکەنەوە، لە ناو ئەم تیۆرو ڕێبازانە تیۆری هونەر بۆ هونەر ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە وادەبینن (شیعر بەشێك نییە لە واقیع یان کۆمەڵگە یان کۆپیەك نییە لە دونیای واقیع بەڵکو دونیایەکی سەربەخۆیە و دەبێت شیعر بێتە ئەو دونیاو جیهانی واقیعەوە)(احسان عباس : ١٩٩٢ : ١٤٣)خاوەن و ڕەخنەگرانی ئەم ڕێبازە کەوتنە هەڵەیەکی گەورەوە کە شیعریان دابڕی لە ژیانی گشتی و ژیانی کۆمەڵایەتی لەبەرئەوەی هەرچەندە دووربێ لە واقیع پێویستی بەژینگە و دەوروبەری کۆمەڵایەتی هەیە، هەر ئەو پەیوەندییانە شیکردنەوەی شیعروکاریگەریی

بەرەو چەندین ئاراستەی جیا برد، بەلای (د.احسان عباس)ەوە پەیوەندیی شاعیر و کۆمەڵ بە و ئاراستانەی خوارەوە دیاریدەکات :

یەکەم : هەڵوێستی کۆمەڵایەتیی شاعیر لە میانەی پەیوەندیی و هۆکاری ئابووری وکۆمەڵایەتی و ژینگەوە، کە پاڵپشتە بۆ شعیر و بەرهەمەکەی.

دووەم : ناوەرۆك و مەبەستی کۆمەڵایەتی، کە شاعیر هەوڵدەدات بەدەستی بێنێت.

سێیەم :کاریگەریی کۆمەڵایەتیی شیعر و پشتبەستنی شاعیر بە جەماوەر، سەرباری جەماوەری زۆر یا کەم زۆرجاردەرباری پاشایانیش جۆرێکن لە جەماوەردادەنرێن( احسان عباس : ١٩٩٢ : ١٤٣). کەواتە ئامانج لە تۆژینەوەی دەقی ئەدەبی ڕوونکردنەوەی دیاردە و گۆڕانە کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکانە و زانینی ڕادە و ئاستی گوزارشتکردنە لە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و دەرخستنی ئاڵوگۆڕ و کاریگەربوون و کارلێکردنە. شیکردنەوەی ناوەرۆکی ئەدەبی بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکانی بەمەبەستی ئاوێتەبوونە لەگەڵ ناوەرۆکی کاری ئەدەبی، بەتایبەتی شیعر. لێرەشدا دەتوانین ئاماژە بە ئەرکی کۆمەڵایەتیی شیعری کوردی بکەین و خاسیەت وسیمای شیعری کوردی دیاری بکەین لە ڕوانگەی جێبەجێکردنی ئەرکی کۆمەڵایەتی شیعر کوردی هەر لەسەرەتاوە وەك ناوەرۆك لەو قاڵبەدا کاری کردووە کە گەیەنەری داخوازی و خەون وخولیای تاك وکۆمەڵی کوردەواری بووە ، دەتوانین زۆرێك لەو ڕێبازو تیۆرە ڕەخنەییانەی ئەدەبی ڕۆژئاوا بەسەر ئەدەبی کوردی، بەتایبەتی شیعر پراکتیزە بکەین، وەك ڕێبازی واقیعی ڕەخنەگرانە و واقیعی سۆسیالیستی و تیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سۆسیۆلۆژیای ئەدەب.

## ڕەهەندەکانی سۆسیۆلۆژیای شیعر :

### یەکەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی :

هونەر وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، مێژوو کردە، جەوهەری هوشیاربوونی مرۆڤیشە، دیاردەیەکە تێمان دەگەیەنێ و جەوهەری شتەکانمان بەشێوەیەکی زیندوو بۆ بەرجەستەدەکات، ئەگەر ئەم یان ئەو بەرهەمی هونەریی نەتوانێ پەیوەندیی دیالێکتیکیی نێوان دیاردە و جەوهەر بەرجەستە بکات و دەستەوەستان بێ لەوەی ژیان بنەخشێنێ، یاخود بە مەبەست ویستویەتی وئەیەوێ هونەر لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی دابڕێ.(جان فیرفل :١٤:٢٠٠٦ ).پارێزگاریکردن لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و گوزارشتکردن لە جەوهەری بابەتەکە بە پشت بەستن بە بونیاتی کۆمەڵایەتی لە هەمەلایەنی و گشتێتێ و دینامیکیەتی پەیوەندیی ناوەوەی بابەتی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ وکات وشوێن. کە دەبێ بە خاوەنی چالاکیە بنچینەیەکانی ململانێ و کردە وهۆشیاریی و کرداری بەرهەمهێنان. ئەوەی کە دیاری دەکرێ پەیوەندی هەقیقەتی جەوهەری نێوان مرۆڤ، بەپێی قۆناغی مێژووی کۆمەڵ، کە بنچینەی زۆربەی کۆمەڵگەکانن لێرەدا مەبەستمان چەمکی کۆمەڵایەتی تاکی خاوەن ماسوولکە و ئارەزووەکان ناگریتەوە، بەڵکو مەبەستمان مرۆڤی چالاك خاوەن پەیوەندیی و دەرهاویشتەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پشتبەستن بەدانایی و ناوەرۆکی دانایانەیە، دیاردە و فاکتەرە کاریگەرەکانی ناو کۆمەڵی مرۆڤایەتی، وەك ناکۆکی وململانی کۆمەڵایەتی و گۆڕان بخاتەڕوو، لەسەر ڕەخنەگران ئەوەیە کە بونیاتی گشتی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە چییە و چ کاریگەرییەکی بەسەر کردەی داهێنانی ئەدەبیەوە هەیە و چۆن لە ناوبەرهەمەکان ڕەنگدەداتەوە دیاری بکات، و پێکهاتە جەوهەریەکانی چین و چۆن لەناو یەك بۆتەی کۆمەڵایەتی

هەمەلایەنەدا ڕێکدەخرێ. ئەوەی گرنگە لە ڕووی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە بزانین ئەو کۆمەڵگەیە لە کوێی مێژووی مرۆڤایەتیە و قۆناغەکانی پێشکەوتنی چین ومیکانیزمی گۆڕان چییە؟ واتە دەلالەتی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە کوێی دایە؟ چۆن قۆناغەکانی مێژوو دەجولێنێ و چ کاریگەریەکی لەسەر قۆناغی مێژوویی هەیە؟.

زۆر لە توێژەرانی ئەدەب هەوڵیان داوە ڕەهندەکانی شیعر لە تۆژینەوەکانیان دیاری بکەن، لە نێو ئەم ڕەهەندانە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە کە بریتییە لە پەیوەندیی کۆمەڵگە بە ئەدیب وشاعیرەوە، بێگومان شاعیر، یەکێکە لە ئەندامانی کۆمەڵگە، بەهۆیەوە کاریگەر و کارتێکراو دەبێت، بەدیاردە و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، لەو ڕێگەیەوە بانگەواز و هاواری کۆمەڵگەکەی دەکات. وەك ئاشكراشە نە ئەدەب بێ کۆمەڵ و نە کۆمەڵیش بێ ئەدەب دەبێت. ژینگە و قۆناغە مێژوویەکان، زۆرجار هۆکاری سەرهەڵدانی جۆرێکن لە ژانری ئەدەب کە پەیوەدیدارە بە ئاستی ڕۆشنبیری و هوشیاریی خەڵك هەروەك سەرهەڵدانی شیعری دڕامی لەسەردەمی شارستانی یۆنان لە پێش لە دایکبوونی مەسیح ، شانبەشانی هۆمیرۆس گەلی یۆنان بەشدارن لە بەرهەمهێنانی ئەلیادە و ئۆدیسە ئەمەش بۆ شانازی و پیاهەڵدانی سەرکردە و گەلی یۆنان، یاخود شیعری گۆرانی یا لیریکی و بەشداری کاریگەری لە بۆنە و جەژنە ئایینی وبۆنە کۆمەڵایەتییەکان و چنینیەوەی بەروبوومی ساڵانە کردووە، کەواتەهەررۆژگاری مێژووی میللەتێك تەماشاکەین، شوێنەوار و کاریگەریی ئەدەب و هونەر دەبینین، جا گەر ئەو ژانرە تا ئێستا بەردەوام بوو بێ لە کایە ئەدەبیەکان، یاخود گۆڕانی بەسەر داهاتبێت و ژانرێکی دی شوێنی پێلەق کردبێت. هونەر و ئەدەب هەموو کات نوێنەری کۆمەڵ و شیکەرەوەی ڕووداو و تۆماری یەکە بە یەکەی گۆڕانکاری تاك و کۆمەڵ بووە. بابەتی کاریگەریی شیعر بەسەر تاك وکۆمەڵ لە سەردەمی فەیلەسوفەکانی یۆنان ئەفلاتون و ئەرستۆ دەستپێدەکات. ئەو پەیوەندییە جدەلییەی لە نێوان شیعرو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان هەیە لە ناو دیدو ڕوانگەی ئەفلاتون و ئەرستۆوە سەرچاوە دەگرێ. لێرەدا ئامانجی سەرەکی ئەفلاتون لە دژایەتیکردنی شیعرو شاعیران کۆمەڵە و دەیەوێ شاعیران دوورخاتەوە و ڕۆڵی سەرکی لە کۆمەڵدا نەگێڕن، بەمەبەستی تێکنەدان و یاری نەکردن بە هەست وسۆزی تاکەکانی کۆمەڵ لە بەرئەوەی کارەکەی ئەوان لاساییکردنەوەی جیهانی نموونەییە، دەتوانین بڵێن مەبەستی سەرەکی ئەفلاتوون لەم پرسەدا پارێزگاریکردنی کۆمەڵ دابنێن. ئەرستۆ بە دیوێکی تر سەیری هەڵوێستی مامۆستاکەی دەکات بۆ پرسی شیعر و شاعیران و دابەشکردنی شیعر بەسەر دوو جۆر، تراژیدیا کە بەلایەوە نوێنەری کەسانی خانەدان وپیاو ماقولان دەکات و کۆمیدیا، نوێنەری کەسانی بازاڕی و ئاستنزمی کۆمەڵ دەکەن، لێرەشدا دیدی چینایەتی و دابەشبوونی کۆمەڵ و جیاکردنەوەی کەسانی پلە نزم و کەسانی خانەدان ڕەهەندێکی تری کۆمەڵایەتیی دەخاتەڕوو، شاعیر ڕەگەزەکانی لە ناوەوەی کۆمەڵ وەردەگرێ و کار لەسەر دیاردە و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، کە بەلای ئەرستۆوە ڕاستە شاعیر لاسایی شتەکان دەکاتەوە بەڵام چێژ یا سوود بە کۆمەڵگا دەگەیەنێ ودەروونی ئادەمیزاد پاکدەکاتەوە ، پێێ وابوو شیعر ئارامی و سوود بە خەڵك دەبەخشێ( عبداللطیف شرارە: ١٩٨٤: ٢٠ ).ئەم بیرۆکە و بۆچوونانە وەك تێۆرێکی ئەدەبی تا سەدەی نۆزدەم بەردەوام بوو، مێژوونووس و ڕەخنەگرە فەرەنسییەکان لەو پەیوەندییانەیان کۆڵیەوە کە ئەدەب و شیعر لەگەڵ کۆمەڵ هەیەتی، لە ڕێگای تۆژینەوەکانیان ئەو پەیوەندییانەیان دۆزیەوە وەك ڕەنگدانەوەی چینایەتی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و دابونەریت، پاڵیبە ڕەخنەگرانەوە نا کە پێشنیاری چەندین قوتابخانە و تێۆری ئەدەبی بکەن بۆ لێکدانەوە و تۆژینەوە لە

شیعروکاریگەری بەسەر کۆمەڵ و کاریگەری کۆمەڵ بەسەر شیعرەوە. دیاریکردنی ڕەگەز و هۆکاری ململانی و ناکۆکیەکان بۆیان دەرکەوت کە ئەدەب دەتوانرێ لە لایەنی کۆمەڵایەتی وەك بابەتێکی بە سود و بە کەڵك لە مەیدانی شیعر و ئەدەب بخوێنرێ وهەر کۆمەڵ و کات و شوێن و تایبەتمەندی خۆی لەگەڵ خۆیدا تۆماربکات. هەموو ئەوگۆڕانەی ناو خێزان و ژیانی کۆمەڵایەتی و ژمارەی دانیشتوان و پێشکەوتن و ئاوێتەبوونی چینەکان لەناو یەك، کار لەسەر ژیان و ژینگەی ڕۆشنبیری شاعیرو شیعر کرد. دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەك بێکاری وهەژاری و نەخوێندەواری و یاساکان و کۆچکردن و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بابەتی سەرەکی و مەبەستی شاعیرن بۆ تیشك خستنەسەر هەموولایەنێکی کۆمەڵ و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، زۆرجارخستنەڕووی ئەو دیاردە و شتە بزێوانەی ناو کۆمەڵ تەنها وەك واقیعێکی کۆپیکراو ناخرێتە ڕوو، بەڵکو داوای چارەسەریش دەکات. وەك بەشێکی کاریگەر و ئەندامێکی کارای کۆمەڵ، لێرەدا شاعیر پابەندە بە و بەها و یاسا کۆمەڵایەتیانە کە وەك کەسێکی چاکساز و شۆڕشگێڕ ڕووبەرووی چەوسێنەر و هۆکارەکانی دواکەوتنی کۆمەڵ دەبێتەوە. بەم شێوەیە شاعیر خاوەن پرسەکانی سەردەمی خۆیەتی و هەست بەکێشەو گرفت وخەون و ئاواتەکانی کۆمەڵەکەی دەکات و کەسێکی کاریگەر و بەتوانا دەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. بۆیە( ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەدەب وەکو بابەت و داهێنانێك و پەیامێك بەندە بەچەند چەمکێکی تایبەت بە مرۆڤ و ئەرك و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە باوەکان بە دیدێکی ئایندەگەرایی کەواتە پێویستە لەسەر ئەدیب دیدێکی تایبەت هەمبەر بە کۆمەڵ و جیهان بەرجەستەبکات) (ئازاد عبدالواحد : ٢٠١٣ : ١٠١). هەربۆیە ئەرکی شیعر بانگەشەکردنی میللەتە بۆ بایەخدان بە خوێندن و فێربوون و بەرهەڵستیکردن و دواکەوتوویی هەریەکەیان (بەجۆرێك گوزارشتیان لەو بارە نائاساییە دەکرد کە بریتیی بوون لە هاندان و هۆشیارکردنەوەی خەڵك ولەبەردەم پێشهات و ڕووداوەکان، داواکردنی گەڕان وبەدوای زانست و خویندەواری و هەژاری و وەستان دژی هەندێ دابی کۆمەڵایەتی) ( نسرین ڕەئوف اسماعیل :٢٠١٠ : ١١٠). ئەوەی شیعر بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبەستێتەوە لایەنێکی گرنگی کێشە و هەڵوێستە لە قۆناغەکان و پەرەسەندنی شیعردا کە پەیوەندیان بە چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەی شیعرەوە هەیە، وەك پێداویستی و ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی سەردەمەکەی خۆی بێت و شیعر بە ژیانەوە ببەسترێتەوە، زۆربەی ئەو ڕێبازو تیۆرانەی لە ئەدەب دەکۆڵنەوە جەخت لەسەر پەیوەندیی ئەدەب بە کۆمەڵگە دەکەنەوە و ئەدەب وەك دۆسیەکی کۆمەڵایەتی سەیردەکەن، بەو پێیەی ئەدەب وێنەیەکی ڕاستەقینەی واقیعی کۆمەڵایەتییە بێگومان ئەدەب ئاوینەی کۆمەڵگە وسەردەم و گەنجینەی هەموو ئەو دابونەریت وشێوازی خواردن و جلوبەرگ و ژیان و مێژووی شارستانیەتیی وسوارچاکی وسەردەمەکەی خۆیەتی و دەتوانین سەرەداوی ڕووداوە مێژووییەکان لە ناو شانامەکان و ژیان وبیۆگرافیای کەسایەتیەکان لە ناو دەقەکان بێنینە دەرەوە، دەتوانین ئەو پەیوەندییە مادی و مەعنەویەی کە کار دەکە نە سەر ژیانی مەعنەوی لە ڕێگای ژیانی ماددییەوە کە کار دەکاتە سەر جولەی هۆشیاریی گەلان و هەست بە بەرهەمی ناداد پەروەری ژیانی ماددی دەکەن و دەبێتە هۆی ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە و دیاردە کۆمەڵایەتیانەی ناو شیعرزۆرجار شیعر دەبێتە وێنەگرو کۆپی ئەو ئازار و دەردە کۆمەڵایەیتییەکان دەگرێت زۆرجار دیمەنەکان کۆناکاتەوە بەڵکو یەکیان پیشاندانی دیمەنەکان و ئەویتریان گێڕانەوەی دیمەنە بە مەبەستی کاریگەری وکارتێکردن لە ڕێگای شیعرەوە( محمد مندور : ١٩٨٨ : ٣٧). لە کۆتایدا ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە شیعردا، بریتییە لە سەرجەم ئەو وێنە

و دیمەنانەی کە ڕۆژانە شاعیر بە چاوی یا هەستەکانیەوە دەی گوازێتەوەو لە ڕێگای ووشەوە وێنەی جوڵاو وکاریگەریی پەیوەندیی مرۆڤ بە مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵایەتیمان بۆ دەنەخشێنێت.

**دووەم : ڕەهەندی سیاسی**

یەکێك لە ڕەگەزەکانی شیعرو پەخشان بریتییە لە بیر، واتە هەموو دەقێکی ئەدەبی یاخود شیعری هەڵگری بیرێك یاخود پەیامێکە و گوتارێك لە ناخیدا حەشاردراوە. مەبەست لە ڕەهەندی سیاسی شیعردەربڕینی ئەو بیرو باوەڕو دۆگمانە یە کە شاعیرێك لە ناو شیعرەکەی یا نووسەرێك وەك پەیامیك ئاراستەی دەکات. کە پەیوەندییان بە حوکم و دەسەڵات و سیستمی بەرێوەبردنی کۆمەڵ و وڵاتەوە هەیە. شیعر وسیاسەت دوو بابەتی جیان زۆرجار بەیەکەوە هەڵئاکەن و لێك دەترازێن و زۆرجار هەست بە سنورێك دەکەین کە لە نێوان شیعرو سیاسەتدا هەیە. لەبەرئەوەی ئەم دوو بابەتە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆیانن و، هەندێ جاریش تیکەڵاوی یەکتر دەبن و لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە بەشێوەیەکی سروشتی مامەڵە لەگەڵ یەك دەکەن و بە ڕوخسار ئەدەبە و بە ناوەڕۆك سیاسەت، کەواتە لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانی شیعرەوە سیاسەت دەبێتە بابەتی شیعرو دەبێت بە ئامانج، کەواتە پێویستە بزانین سیاسەت کاروچالاکیەکی هونەری نوێی سەردەمە، بۆ دامەزراندنی حکومەت یاخود دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات وحومکرانی و دیاریکردنی سیستەم و جۆری پەیوەندیی کاروباری کۆمەڵ لەگەڵ دەوڵەتدا، ئەگەر شیعری سیاسی بە گشتی چەمکی هەڵوێستی هاوڵاتی بێ بەرانبەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و پەیوەندیی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەدا دژایەتی بێ یاخود لایەنگیری پێدەستنیشان بکات سەبارەت بەواتای شیعری سیاسی (عبداللە ئاگرین) دەڵێت : شیعری سیاسی شانبەشانی دیاردە و هەڵوێستە سیاسییە فرت وفێڵاوایییەکانی ڕۆژگار هەنگاو ئەنێ و بە پێی بەرژەوەندیی ناڕەوای خۆیان لەگەرداوی هەڵخەڵەتاندن و تەفرەدان ( دوور) یا (نزیك ) ئەخەنەوە ئێستە جۆری ئەو دیاردە نامۆیە وە هەڵوێستە ناڕەوایە لە ململانێی نێوان نەتەوە چەوساوەکان و زوڵم و ستەمی دەوڵەتە زۆردارو داگیرکەران دادەرئەکەوێت) (عبداللە ئاگرین : ١٩٩٦: ١٥ ). زۆر ڕەخنەگران و تیۆژەرەوانی سیاسیی چەرخی نۆزدەیان بە چاخی فیکری یا شۆڕشی فکری نەتەوەیی داناوە، بەو هۆیەوە لەو چاخەدا بیری نەتەویی لە گەشەسەندن و چەسپاندنی حکومەتی نەتەوییدا بوو. بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلان چەندین حکومەتی نەتەوەیی هێنایەکایەوە. شیعری سیاسی لە شیعری نەتەویی بەربڵاوترە . لەوانەیە هەستکردن بە نەتەوەو جیابوونەوە لە نەتەوەکانی تر لە ناو بیری تاك و ڕۆشنبیر و شاعیران زۆر لە پێش بیری سیاسی و ئەو هونەرەی چاخی نۆزدەم بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و پایە بێت، تەنها لەرێی بیری نەتەوایەتییەوە ئەنجام نەدرێ. بۆیە کەسێکی سیاسی لەڕێگای ئاین یا ئیتن وئایدیۆلۆژیا و گروپەوە سیاسەت بکات. بۆیە دەتوانین نەتەوە وەك ئامراز لە ناو فکری سیاسەت بەکار بهێنین، زۆرجار شیعرێکی سیاسی دەتوانێ دوور لە نەتەوە یا بیری نەتەوایەتی قەرەی لە سیاسەت بدات. ڕەهەندی سیاسی شیعر لە( چەندین بنەما و ئەرك خۆی دەبینێتەوە دامەزراندنی حکومەتی نوێ سەربەخۆ دەستبەسەرداگرتنی حوکم گۆڕانگاریی بەسەر سیستمی حومکمڕاندا)(عبداللە ئاگرین : ١٩٩٦: ٤٠). بەم پێیە کاری ئەدەبی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو ژینگەی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات لە سایەی باری سیاسی دیاریکراو وە کەشوهەوای کۆمەڵایەتی وسیاسی کە پڕە لە ڕووداوی مێژوویی دیاریکراو، شاعیر بۆ ئەم جۆرە شیعر پەنا بۆ چەندین ئامراز لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە جۆش و روژاندن و هاندان و زاڵبوون بەسەر هەست وسۆز و

خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوە و بیروباوەر بۆ گەیشتن بە مەبەست دەبات. تا زیاتر گیانی ئازایەتی و لە خۆبوردن وقوربانی لە دەروون بچێنی بە جۆرێکی ئەو تۆ کاربکاتە سەر بەرانبەر. شاعیر لەو کاتە پەنا بۆ بەکارهێنانی وشەو ڕستەی ئاگرین دەبات. لە کاتیکدا شاعیر ئەرکی لە ئەدەبەکەیدا بڵاوکردنەوەی بیروباوەرو ئایدیۆلۆژیەکی سیاسییە مەرج نییە، سەر بە لایەنێکی سیاسی، یا پارت و ڕێکخراوێك بێت، زۆر لە شاعیران هەڵوێستی سیاسی ڕوون و ئاشکرایان هەبووە و نەچووینە پاڵ هیچ پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی بەڵکو وەك ئەرکێکی نیشتمانی بەشدار بوون لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی سیاسی و خستنە ڕووی ناداد پەروەری و ستەم و ناڕەوایی. هەرچەندە سەرکردەکانی شۆڕش و پارتە سیاسیەکان داوایان لەشاعیران ونوسەران دەکرد بچنە پاڵ پارتەکانیانەوە و ئەدەب و شیعریان لە خزمەت شۆڕش بێت. (بەلای (لینین )، هونەر ئامرازی خزمەتکردنی شۆڕشە لە بەرئەوەی ئەدەب پەیامێکە ڕەوشت ویەکێتی سیاسی میللەت بەهێزدەکات. ئەو پرنسیبانەش کاری ئەدەبی دەگەیەنیتە ئاستی کامڵبوون و ئاستی کامڵبوونیش جیهانبینیی نووسەر دەردەخات دەبێ نووسەر نوێنەری چینێکی گەل بێت و پڕ بەدڵ پرۆلیتار بێت وباوەڕی بە مارکسیزم هەبێت)(کارلونی فیللو ١٩٨٤: ٣). شیعریش ڕۆلی سەرەکی لەو بزاڤ و شۆڕشە کۆمەڵایەتیانەدا گێڕاوە بۆ سەربەستی و ئازادی خەڵك و دەربازبوون لە قەیرانە کارەسات بارەکان. بۆیە شیعری سیاسی ( خۆی لە دەوری خەباتی شۆڕشگێڕی و نەخشەکێشان و ڕێگەی ڕزگاریی نیشتمان و نەتەوە لە چنگی دوژمن و یەکگرتنەوەی بەشەکان ئاڵاندووە ) (شوکریە ڕەسول : ١٩٨٩: ٧٨). بەم پێیە ئەرکی شیعرلە شۆڕشدا( ئاگرکردنەوە و توڕەکردنی خەڵکە لە مەزڵومیەت وزۆرداری و داگیرکردن، کەواتە دەبێ تیژو برِند وکایگەر بێ ، پەیوەندیی بەژیانی خەڵکەوە هەبێ و دنەیان بداو بە لایەنی دوژمنیش بە نەیار حسابی بۆبکرێ) ( ابوبکر خۆشناو : ٢٠٠٢ : ٢٥). ئامانج لە بەکارهێنانی ڕەهەندی سیاسیی شیعر ڕاچڵەکاندنی هەست و سۆزە بۆلای بابەتەکانەوە بەمەبەستی هاندان و وریاکردنەوە پرسە سەرکیەکانی نیشتمان ونەتەوەو چینایەتی، کە دەکرێ لەچوارچێوەی فکری و جیهانبینیی شاعیرەوە ببێت بە بەشێك لە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای شاعیر.

**سێیەم : ڕەهەندی سایکۆلۆژی .**

دەروونشیکاری، زاراوەیەکە ( فرۆید ) بۆ یەکێك لە تۆژینەوەکانی بەکاریهێنا، کاتێك شیکردنەوەی بۆ دەروونی نەخۆشەکانی دەکرد. ئەو زاراوەیە، لە زانستی دەروونزانیی هاوچەرخدا بڵاوبۆوە، زۆرجار بە وتوێژینەوانەیان دەوت کە لە بواری کردەی دەروونی و هەستی نائاگا ئەنجام دەدران. تیۆری فرۆید لەو بارەوەیەوە لە سەر ئەو بنچینە دامەزرا کە بۆ گەڕانەوەی یادەوەرە لە یادچووەکانی نەخۆش و ڕاڤەکردنی خەونەکانی و لێکدانەوەی هێماو کۆدەکان کاریدەکرد. گرنگترین چەمکەکانی دەروونشیکاری چەپاندن ونەست و گرێیی دەروونی و دابەشبوونی خودی مرۆڤ بوو) (جمیل صلیبا : ٢٠٠٦ :٣٦٩)، یەکێك لە لایەنەکانی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی، بەتایبەتی شیعر، ڕاستەوخۆ بەرەو لایەنی دەروونی نووسەر یا شاعیرمان دەبات، بۆ قسەکردن لەبارەی باری زەینی کە سەرچاوەی داهێنانی ئەدەبیە . لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە دەروونی شاعیر بە هەڵوێست و پەیوەندیی و باری مێشکی خاسیەتە تایبەتیەکانی بەرهەمەکەیەوە بگەین بە شرۆڤەی قسەکردن لەسەر ڕەهەندی دەروونی شیعر، بێگومان زۆر ئەستەمە قسە لەسەر شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی کاری ئەدەبیی وفەلسەفی بکەین نەگەڕێیتەوە سەر کانیاوە سەرەکیەکەی سەردەمی یۆنان و گریك. تیڕوانینە ڕەخنەیی و

فەلسەفییەکان بۆ شیعر و هونەر دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەی باری دەروونی شاعیر و بەرهەمەکەی بە بۆچوون و دیدی ئەفلاتون و ئەرستۆ کە جەخت لەسەرکاریگەری شیعر دەکەن بەسەر خوێنەرو گوێگرەوە و ئەو شوینەوارە دەروونیانەی بە جێدەهێڵێت . پێش ئەفلاتوون سوکرات(٤٦٩ -٣٤٩ )، مامۆستای ئەفلاتون یەکیك بوو لە دوژمنە سەر سەختەکانی شیعر وشاعیران، پێیوابووشاعیر شیعر سروشە وشاعیر دەستەوەستانە بەرانبەر لێکدانەوەی شیعرەکانی هەمان بۆچوون لای ئەفلاتوون دروست دەبێت و پێی وایە شیعرزۆر لە فەلسەفە لە خوارترە و شتێکی بێکەڵکە، بریتییە لە ( وروژاندنێکی ساختە و لە دەروونی مرۆڤدا دروست دەبێت و ناتوانێ شتێکی پڕمانا دروستبکات، لە بەرئەوەی تەنها لاساییکردنەوەی شتەکانە، بەلای ئەفلاتوون کارێك کە شیاو بێت هۆشیارییەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بیرەوە هەیە، تەنها بیریش هەقیقەتی تەواوە. شاعیریش پەیوەندیی تەواوی بەو هەقیقەتە سایکۆلۆژیانەوە هەیە، کە خەیاڵی شیعر پێی دەبەخشێ و ئەزموونی زیاد دەکات ) (مجید محمود مطلب :١٩٧٨ :١٣). تیۆری دەرونشیکاری لە داهێنان و ڕەخنەی ئەدەبییدا پشت بەو هێما شاراوانەی نێو کاری ئەدەبی و هونەری دەبەستێت، کە پەیوەندیی ئەقلی ناوەوەی هونەرمەندە، زیاترە لە وکاریگەریەی هۆشیاریی بەسەر شاعیرەوە، سەرەتای ئەو تیۆرە دەگەریتەوە بۆ تیۆرە ئەدەبییەکانی وەك ڕۆمانسیزم و ئنتیباعی و زاتیەکان، لەسەروی هەموویانەوە ڕەخنەگری فەرەنسی سانت بیف(١٨٠٤ -١٨٦٩)، لە ڕێگای شارەزابوون لە ژیانی هونەرمەند و هۆکار و سەرهەڵدان و فکر و تێڕوانینی بۆ ژیان( محمد شبل الكومی : ٢٠٠٤ : ٢٣٤)، تا ئەوکاتەی ( کۆلدرج ) گیانی بەبەر ئەو تێڕوانینەدا کرد لە کتێبی ( السیره الادبیه Biogrphia LItreratra )، لەسالی ١٨١٧ ئەو جیاوازییانەی خستەڕوو کە لە نێوان شیعرو زانست هەیە بەلایەوە شیعر هەڵگری سۆزو هەڵچوون و دیدگایەکی ڕۆحیە، بەڵام زانست لەسەر بنچینەی ڕاستی سەلێنراو ڕاڤەی سروشت دەکات، شاعیریش ژیان دووبارە دەکاتەوە و لە ڕیگای دەستگرتن بەسەر خەیاڵ و سۆزو هەڵچوونە دەروونیەکانەوە دەیخولقێنی. شاعیر، واقیعمان بۆ ناگوازێتەوە لە ڕێگای خەونەوە پێمان دەگات، ئەوەی لە نێوان خەون و شیعریشدا هەیە ئەوجیاوازییەیە کە لەخەوندا کارەکان لە توانای کەسەکان بەدەرە و شیعر دەسەڵاتمان بەسەردادەشکێ. کۆلدرج، خەون وشیعر بەیەکەوە گرێ دەدات، ئەو کاتەی باسی هیوا و خەونی شاعیرەکان دەکەین لەو سنورە زەینی هۆشیار تێیدا تیدەپەڕێ بەمەش کۆلدرج پێشینەیەکی باش لەبارەی ڕەهەندەکانی دەروونناسی لە ئەدەب ودەروونناسی هاوچەرخ دێنیتە پیشەوە، تا ئەوکاتەی( فرۆید ) سالی (١٨٩٩ ) کتێبی( شیکردنەوەی خەونەکانی)، لەبارەی سروشتی هونەر و هونەرمەندان و پەیوەندیی شاعیر بە خەونەکان و زیندەخەو و ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئەدیبان و هونەرمەندان پێشکەش دەکات کە بریتین لە چەپاندنی سێکسی و نائاگایی وسەردەمی منداڵی کە چەپاوە و فرێدراوەتە نائاگاییەوە هونەر گوزارشت لەوحالەتە چەپێنراوانەی سەردەمی منداڵی شاعیر دەکات. بەتایبەتی ئەو ئارەزووە سێکسیە چەپاوانە دەروونی شاعیر داهینانی هونەری هێز وتوانا لەو جیهانە سێکسیە شاراوانەی شاعیر وەردەگرێ بۆ تێرکردنی ئەو ئارەزوانە لە ڕێگای ئەدەبەوە) (شوقی ضیف:١٩٨٣: ١٠٦). ڕەهەندی دەروونی بەلای نووسەر و شاعیرانەوە لەو وێنەوە سەرچاوەی گرت کە سروشتی ئەدەبی فەرەنسی بۆ ماهیەتی مرۆڤ کێشابووی، وەك قوربانی ژینگە و دەورووبەری لەچوارچێوەی ئەو پاڵنەرە زاتیانەوە کە لە کۆمەڵگە بەسەریداسەپابوون و مرۆڤی وەك نەخۆش پیشان دەدا. شیکاری فرۆید بەتایبەتی لە نائاگایی و چەپاندن و هۆکارە زاتیەکان، زیاتر توێژەرانی هاندا کە قووڵ ببنەوە لە ناخی ئادەمیزاد و بە بەردەوامبوونی کات شیکاری دەروونی کاریگەریی بەسەرئەدەبدا زیاتربووە. تیۆری ( ئەدلەر ) لەبارەی کەموکوڕی و تیۆری نائاگایی (یۆنگ) بۆ

ئەدەب بوونە سەرچاوە و کانیاو بۆ هەڵهێنجانی تێڕوانینە دەرونیەکان کە لە سەرەتاوە لای فرۆید بنچینەی داڕێژرابوو) (ویلبر س .سکوت :١٩٨١ : ٧٦). جەختکردنەوە لە سەرکاریگەریی خەون و سۆزو ئەندێشەو خەیاڵ وترس و میهرەبانی و خۆشەویستی، شوێنەواری سروشت وکۆمەڵن ژیانێك پڕبێ لە خەیاڵ و سۆز و خۆشەویستی و توانی وێنە وزاراوە و وشەکان پڕماناتر دەکات. ئەو چالاکییە دەروونیانە لەلای فرۆیدەوە سێ بەش دابەش کراوە ئەوانیش ( من ، ئەو ، منی باڵا ) یە کە ململانێەکی بەهێز لە نێوان ئەو هێزانە هەیە، لەناو خودی مرۆڤدا، کە لە ڕێگای ئامرازی تایبەتی وەك چەپاندن و شکۆمەندی و بێتاوانی دەسەڵات سەرچاوە دەگرێ کە پێیدەڵێن ململانێی خود کە (بریتین لە ململانێ لە نێوان بەشەکان حەز لە مرۆڤ و منی باڵا ئەم ململانێیە ناجێگیرییەکی دەروونی دروست دەکات، چونکە مرۆڤ ناتوانێ هەموو شەهوەتەکانی تێربکات ئەم حەزانە بەپێچەوانەی دابونەریتی کۆمەڵگان بارێکە تاك پێی تێپەڕدەبێت کە سێ جۆرە لە ململانێ :

١-ململانێی خود.

٢-ململانیی لەگەڵ کەسانی تر.

٣-ململانێ لەگەڵ سروشت. ململانێ دووەم و سێیەم مرۆڤ بۆ مەبەستی زاڵبوون و باڵادەستبوونی خۆی لەڕووی جەستە و فکروە ئەنجامیان دەدات ئەگەر لەسنورێکی دیاریکراو بێت، لەسەر بنەمای ئەفراندن بێت ململانێ نێوان کەسەکان پێویستە بەڵام ململانێ خود بارێکی دەروونیە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە) )( هاوژین صلیوە:٢٠١٣ : ١٤٥-١٤٦ ). ئەمەش ئەوەیە کە لە بەرهەم و شیعری شاعیران ڕەنگدەداتەوە. فرۆید بۆچونەکانی لەمەڕ کۆمەڵگا و کەلتوور جێگای سەرنجدان و تیرامانە کە بریتین لە خوێندنەوەی پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ و مرۆڤ و کۆمەڵگا گرنگی ڕەهەندە دەروونیەکانی تیۆری فرۆید لەوەوە بوو کە دەستکاریی ڕیشەیی تێگەیشتنی مرۆڤی کرد بۆ خودی خۆی و ئەو بۆچوونانەی کە مرۆڤ بەرانبەر خۆی هەی بوو لەسەر حەزو ئارەزو و وێنەی خۆی. کەسەرجەم ئەو فکرو بۆچوونانەی پێشتر بەرانبەر بە خۆی هەیبووە، بەرانبەر ئەقلانیەتی ئادەمیزادە سەردەمی تێگەیشتنەکانی ڕۆشنگەری فرۆید جەوهەرێك لە ئینسان دەدۆزێتەوە ناکۆك بەو جەوهەرەی ڕۆشەنگەری بە ئینسانی دەیبەخشێت ئەگەر ڕۆشەنگەری ئینسان وەك بوونەوەرێکی ئەقڵانی وە خاوەن ئیرادەی ئازاد و هۆشیار وسەربەخۆ وێنابکات و هەڵسوکەوتەکانیشی وەك دەرئەنجامی بیرکردنەوە و ڕامانی ئەقلانی وئیرادەگەرانە ببینێت ئەوا فرۆید سەرجەمی ئەو وێنەیە ئاوەژوو دەکاتەوە و پێچەوانیکانیان دەخاتە ڕوو) .( مەریوان وریا قانع : ٢٠١٣ : ٢٠٣). ئەمە ئەوە دەگەیەنێتکە مرۆڤ قەرزاری دۆزینەوەکانی فرۆیدە لە بواری دەروون و ناخی مرۆڤ دۆزینەوکانیش بریتین لە :

یەکەم : ڕۆڵی نەست لە ئاراستەکردنی و هەڵسوکەوت و بریار و داخوازیەکانی فرۆید پێی وابوو ئاگایی ئینسان سنورێکی دیاریکراوی هەیە و ناتوانێ هەموو کردەوە و ئارەزووە و هەڵسوکەوتەکانی ئینسان لێکبداتەوە، بەشێکی زۆر لەو کاروکردەوانەی ئینسان دەشێت لە ژێرفشار و جەبری داواکاریەکانی نەست بێت . نائاگایی ئەو بەشەی دەروونە کەسەرجەمی ئارەزو و حەرام ویاساغ و شەرمهێنەرەکانی ئینسان لەڕێی چەپاندنەوە هەڵدەگرێت و دەیشارێتەوە نائاگایی لەشێوەی وزە یان هێزێکی دینامیکی ناوەکیدا ئامادەیە کە بەردەوام لە جوولەو کارکردندایە بەسەرسەرجەم بوویە دەروونی ئینسان دا دابەشە. لای فرۆید نائاگایی شوێنی نییە بەڵکو پرۆسێکسێکی ئەکتیڤە کە هەمیشە لە جولەو کردارە چالاکیە و هێزێکە بەردەوام کارلە کارلێکردنی ئاگایی ووشیاری ئینسان دەکات .

دووەم : ئاشکراکردنی ڕۆڵی سێکس لە گشتیٚ ژیانی ئینساندا لای فرۆید ڕۆڵی سێکس لە ژیانی ئینساندا ڕۆڵێکی دەستنیشانکەرە و لە زۆربەی ڕەهەندەکانی ژیانی ئینساندا ئامادەیە، وەك چۆن سەرچاوەی دین و داهینانە، ئاواش لە پشتی بەکارهێنانی توندوتیژی و جەنگ و پێکدادانەکانیشەوەیە . فرۆید ل سەرنجدانیدا بۆ ژیانی تاکەکەس وکۆمەڵایەتی و کولتوور، تێبینی ئەوە دەکات، زۆربەی ئەوشتانەی حەرام دەکرێن و باسناکرێن و دەچەپێنرێن بەجۆرێك لەجۆرەکان پەیوەندییان بەسێکسەوە هەیە(مەریوان وریا قانع: ٢٠١٣ :٢٠٢ ). ئەم چەمك و زاراوانە بۆ شیکردنەوەی ئەدەبی لە بواری ڕەخنەی دەروونشیکاریدا، کاریگەریی دەروونی نووسەر و شاعیر بەسەر دەقەکەیەوە چەمکێکی پێشکەش بەڕاڤەکارانی دەقی ئەدەبی کرد. کە هەردوو جەمسەری نووسەر و دەق بەیەکەوە ببەستیتەوە، لە سەرێکەوە شیعر و شاعیریش ئەوەی پێشکەشی ڕاڤەکارانی دەقی ئەدەبییان کرد، کەمتر نەبوو لە و شتەی زانستی دەرونناسی پێشکەش بە شیعر و دەقی ئەدەبی کرد. لەم بارەیەوە فرۆید دان بەوە دادەنی ئەوەی ئەدەب خستیەسەر ئەو ڕێبازە و شیکردنەوانە شیعروشاعیران بوون، نەك ئەوان داهێنانەکانیان لە هەموو بوارەکاندابەرهەمی ئەوان زادەی دەروونی ئینسانە، زۆرجار لەڕێگەی شیعرێکەوە دیاردەیەك یا وێنە یا یاسایەك و تیۆرو ئەزموونێك دێتە ئاراوە) (زين الدين المختارى : ١٩٩٨ : ٩). بەم پێیە دەروونشیکاری دەتوانێت وەڵامی ئەوپرسیارانە بداتەوە کە بریتین لە :

١-چۆن کردەیەکی داهێنانی ئەدەبی کامڵ دەبێت؟ سروشتی ئەو بەرهەمە و لایەنی دەروونی و ئاگایی و نائاگایی ڕێکدەخرێن؟، ڕەگەزی خودی و شاراوە و پەیوەندیی دەروونی چییە؟

٢-ئایا دەتوانین لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی دەقێکی ئەدەبیی شیکاریی بۆ دەروونیی خاوەنەی بکەین .

٣- دەقێکی ئەدەبیی چ کاریگەرییەك بە جێدەهیڵێ لە سەر دەروونی خوێنەر( سيد قطب :١٩٩٠: ١٨٤-١٨٥). وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەوەیە تاچ ڕادەیەك ڕێبازی دەروونشیکاری دەتوانێ پێکهاتەیکی دەقی ئەدەبی زەمینەی لە دایکبوون و کەش وهەوای سەرهەڵدانی داهێنانێکی ئەدەبی ڕوونبکاتەوە؟. دەروونشیکاری و ئەومیتۆدو چەمکانەی بەکاردێنێ بۆ شرۆڤەکردنی دەقەکان و لێکدانەوەی هۆکاری لەدایکبوونیان. بێگومان ئەو زاراوە و چەمك و فۆڕمانەی فرۆید پێشکەشی شرۆڤەکارنی ڕەخنەی دەروونشیکاری کرد لە مۆنۆلۆگ و فلاشباك و چەندین زاراوەی تر پێی وابوو( تێکستی ئەدەبی سەبارەت بە زانای دەروونی و ڕەخنەگری ئەدەبی بریتییە لە خەزێنەیەکی گەورە بابەت وهێما و ڕەمز، ئەمانە لەڕاستیدا چەند کلیلێکی گرنگن بۆکردنەوەی نهێنی کۆدەکانی تیکست سەبارەت بەرەخنەگر،هەروەها چوونە ناوقووڵای سایکۆلۆژی دەقەکە ) نەوزاد احمد اسود : ٢٠١١: ١١٧) ڕەهەندی دەروونی لەڕوانگەی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی حاڵەتێکی تایبەتی و دەروونییە هەموو کارێکی هونەری لە ئەنجامی هۆکاری دەروونی دێتەبەرهەم و پاڵنەری غەریزیەکان وەك گرێ ئۆدیب ( Oedipus Complex) و گرێی (Electra Complex) و گرێی هەستکردن بە کەمی لای ئەدلەر و بەردەوام جەختیان لەوە دەکردەوەکە پاڵنەڕی سێکسیەکان کە لەپشت کاریداهێنەرانەوەن ) ( بسام ڤگوس : ٢٠١١: ٦٦) بێگومان هەرئەو شیکردنەوە دەروونیانە کە لە بواری زانستی دەمارناسی ودەروونیدا پراکتیزە دەکران، گواستراییەوە بۆ ناو ڕەخنە و شیکردنەوەی ئەدەبی، هەروەها بەلای فرۆیدە وە شاعیر ئەو کەسەیە کە ئەزانێ چۆن خەو و خەیاڵەکانی ئەکاتە بەرهەمی هونەری یان حەقیقەتێکی هەستپێکراو، بەڵام فرۆید ئەوە ئاشکرا ناکا ئەم گۆڕانە چۆن و بەچ شێوەیەك دروست ئەبێ، چونکە ماوەی خەو و کاری هونەری ئێجگار پان و بەرینە، ئەوەندە نەبێ هونەرمەند خەونەکانی سەرلەنوێ ئەبوژێنێتەوە ئەم بوژانەوەیەش ئەبێتەهۆی ئەوەی کە خەوەکەی سیفەتی

تاکەکەس پێوە نەمێنی و دواجاریش ئەبێتە شتێکی واخۆش و لەزەت بەخەڵکی تریش ئەگەیەنێ، هونەرمەندیش خۆی ئەزانێ چۆن ئەو ئارەزوانەی ئەکاتەشتی جۆربەجۆر) ( مەجید محمود مطلب : ١٩٧٨ :٦٦).ئەبێتە هۆی وروژاندنی هەستی خوێنەرو ئەو پەیوەندییە دروستدەکات بە دەقە ئەدەبیەکەوە و دەبێتە ڕەگەزێکی ئەدەبی. بێگومان و وروژاندن یەکێکە لە حالەتە دەروونیەکان، زۆرجار لایەنی باش یان خراپی هەیە و کاریگەری بەسەردەروونی خوێنەر بە جێدەهێڵێت، لە ڕێگای مێتۆدی ئەو قوتابخانە دەروونیانەی ڕاڤەکاریی ئەدەب دەکەن شیکاری بۆ لایەنی دەروونی شاعیر یا نوسەریش دەکەن بۆ گەیشتن بە خاسیەت و ڕەهەندە دەروونییەکانی بەرهەمی ئەدەبی. ئەو پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی دەروونی شاعیر لە کاتی لەدایك بوونی قەسیدەیەك یا شیعریك دێتە ئاراوە وشاعیر لە ڕێگای ئەو حالەتە دەروونیانەی کە دەقێکی ئەدەبیی بەسەر خوێنەرەکەی دا دەهێنیت، دەگاتە ئەو ئامانجەی دەق بە خوێنەر و نوسەرەکەی ببەستێتەوە لە ڕێگای ناسیاویسرپینەوەی شتەکان و پێشکەشکردنی بە فۆڕم ڕوخسارێکی تر. لەبەر ئەوەی شاعیر ( بەر لەوەی هەر شتێك بێت مرۆڤە، پێویستییە دەروونییەکانی و جەستەییەکانی لە هاوشێوەکانی وشاعیرانی دیکە جیاناکرێتەوە لەبارودۆخی ئاسایدا و پێچەوانەشیان نین، بەڵام ئاستی هەستکردن بەرانبەرهەریەك لە وپێویستایانەجیاوازە و دەشێ هەستیاریش بێ ،دەرئەنجامەکەشی دەگەینێتە پلەی داهێنان و نەمری) )( هاوژین صلیوە : ٢٠١٣ : ١٨). تەنها تایبەتمەندی کە پەیوەندیی بە ئەزموونی شاعیرەوە هەیە بەرانبەر ڕووداو و شتەکان و کاریگەیان بەسەرەوە هەیە گرنگترین شێوەی سایکۆلۆژی کە تاڕادەك خوێندنەوەو شیکردنەوەیەکی ئالۆزی هەیە بۆ شاعیر و کردەی داهێنان شیکردنەوەی دەرونیە کە بەتیۆری (فرۆید )، ناسراوە هەندێ لەدەروونناس و هاوڕێی فرۆیدیش هاوڕان و لەگەڵ تیۆری فرۆید نزیکن وەك (ئەلفرید ئەدلەر ، کارل یۆنگ )، فرۆید لە ئەنجامی لێکۆڵینەوکانی لە برایانی کارمۆزۆڤ و هاملیت کۆمەڵێك کەرستە و بابەتی دۆزیەوە، کە لەبواری پراکتیزەکردن ودەرونزانیی ئەدەب یا ئەدیب بەگشتی بەلای فرۆید ناسرابوو پێوەرێکی دەروونی دانا بۆ شاعیران و ئەدیبان بەڵکو بەکراوەیی کردەی داهێنان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دیاریکرد، کە بەلای فرۆیدەوە کۆمەڵێك هاندەر وئارەزوو هەموو هێز و بەژەوەندی خۆی لێبدۆ ئارەزو و بۆ ئەو خۆشییە تەرخان دەکات. لە ڕێگای کاری خەیاڵ و ئەندێشە کە بەرێگای شیعر و بەرهەمی ئەدەبی بە دەستی دەهێنی، ئەم پەیوەندییەش بەرەو حالەتی ( عوصابی ) وەك خەون و هەڵچوونەکان دەچێت و پێگەیەکی گرنگی لای فرۆید هەبوو. بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە و حالەتی دەروونیی تاکی کۆمەڵ لێرەوە کاری فرۆید نزیك دەبێتەوە لە سۆسیۆلۆژیا و لەناو ئەم حالەتانە دەستی بە تۆژینەوەی سۆسیۆلۆژی کرد، بەتایبەتی لە بواری دەروونیی تاك بەتایبەتی تاکی ئەدیب یا داهێنەر کە بەلای فرۆیدەوە کاریگەری لیبیدۆ نەك حسابکردن بۆ پاڵنەرە سێکسیەکەی، بەڵکو تەنها وەك ئارەزوو کەسەرچاوەی پەیوەندییەکانە و هۆکاری غەریزەی چێژ و مردن و پرنسیبی پاتبوونەوەی بەردەوام) (روجیە پاسید : ١٩٨٨ : ٢٧ ). لێرەوە فرۆید باوەڕ بە کۆمەڵی بابەت لە ناوکۆمەڵ دەکات. لەچوارچێوەی تاکەکەس و یاسا و پێوەری تایبەتی. لەڕوانگەی ئەم بۆچونانەوە دەکرێ شاعیر کەسیکی جیاواز خاوەن خەیاڵ و خەون و خولیای جیاوازبێت، جیهانێك پێشکەش بکات، لەڕێگای ئەوحالەتە دەروونیانەی پاڵی پێوەدەنێت بەرهەمێك بخاتەڕوو ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو بارودۆخەبێت. زۆرجاریش ژیانی تایبەتی شاعیر یاخود نووسەر لە بەرهەمەکەی ڕەنگدەداتەوە و خۆی دەخزێنێتە ناو کارەکتەرەکانی بەرهەمەکەی لە جیاتی کەسەکان قسە دەکات و خەم وخولیا و ئارەزووی لە ناو دەقێکدا بەرجەستەدەکات. ئەمەش زۆرجار لە نائاگایی و ئاگایی

شاعیرسەرچاوە دەگرێ، کە پێگەیەکی گرنگی لە تۆژینەوەکانی فرۆید هەیە بەرهەمەکانیشیان نیشانەی وەهم و خەیاڵ و ورێنە و جیهانی نائاگایی و تێکەڵ بە جیهانی واقیع دەکەن. میتۆدی دەروونی ڕووبەرووی ناتەواوی و ڕەخنە بۆوە، وەك دۆسیەکی دەروونی خاوەن یەك ئاست مامەڵە لەگەڵ ئەدەبدا دەکات لەکاتێکدا ئەوە دەزانین بەرهەمی ئەدەبی لە چەندین چین وئاستێك پێکدێت و لەوانەیە ئاستی دەروونی یەکێك بێت لەو ئاستانە و کاری ئەدەبی و هونەری باش و خراپ لە دەلالەتکردنی لەدەروونی خاوەنەکەی وەکیەك سەیر دەکرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی بەهای ئەدەبی.

**بەشی دووەم**

**ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی شیعری سامی عەوداڵ .**

ئەو گرفتەی لێکۆڵەری ئەدەبی لە توێژینەوەی ئەدەبیدا توشی دەبێت گوتاری ئەدەبە. لەبەرئەوەی ئەدەب شتێکمان پێدەڵێ و مەبەستی شتێکی ترە. بە شێوەیەك دەکەوێتە ژێرباری چەندین ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاواز، شان بەشان جۆری خوێنەر و کات و شوێنی دەقە ئەدەبیەکە، لە لایەك و لەلایەکی تر ڕۆشنبیری و جیهانبینی خوێنەر و لێکۆڵەری ئەدەبی، لە هەمووشیان ئاڵۆزترلێکدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەدەبە یاخود لێکۆڵینەوەی ئەدەب لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیەوە. کە ئەدەب دەخاتە ژێرباری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ئەدەب وەك ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی و شێوەیەك لە شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکی مرۆڤ سەیردەکات. کە دەکرێ ڕاڤە بکرێ لە ڕوانگەی یاساکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەدەوری چەند دوانەیەك دا دەخولێنەوە وەك ( ئەدەب و کۆمەڵ ) ( ئەدەب و ژیان)، (ئەدەب و واقیع )،(ئەدەب و مێژوو )، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچ بەهایەکی نووسین نییە، دوور لە کڕۆکی ڕوداوە سۆسیۆمێژوویەکان. بە تایبەتی لە ڕوانگەی لێکدانەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بەپێی تیۆری ڕەنگدانەوە، لە بەرئەوەی تیۆری ڕەنگدانەوە، پێیوایە ئەدەب شێوەیەکە لە شێوەکانی درکپێکردنی زات. کە بریتییە لە هۆشیاری و بارودۆخی بوون ژینگە و سەردەم و نەژاد. بۆیەش پراکتیزەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە کە وا دەکات ئەدەب ڕێگەیەك یا ئامرازێك بێت بۆ بەرهەمهێنانی زانەکی (مەعریفە ) لە ڕێگای بوون و مێژوو ئەمەش وای کردووە باڵی بکاتەوە بەرەو تیۆری دیالێکتیکی کۆمەڵایەتیی بۆ تێگەیشتن لە ئەدەب.

( شارل لالۆ) ئاماژەی بە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتیی لە ئەدەب و هونەر کردووە، باسی ئەوەی کردووە ئەو وتەیەی کە دەڵێ (هونەر منم، بەڵام زانست ئێمەیە )، ڕاست نییە، لەبەرئەوەی هونەریش ئێمەیە. بە دەربڕینێکی تر، هونەر بەهەوڵی هاوبەشی داهینانی نەوەیەك بە دوای یەکەکان دادەنرێت. کاریگەری لە سەر کۆمەڵ دەبێت، کۆمەڵیش کار لەوانە دەکات لە هەموو خاڵێکی گۆڕانی مێژوویدا، هونەرمەندێکی بلیمەت دەبینین کە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی هەڵدەگیرسێنێ یاخود قوتابخانەیەکی نوێ بونیاد دەنێ، ئەوکارانەش بەوە دەناسرێتەوە کە لە ڕۆحی گشتیدا هەستی پێدەکرێ) .(السيد ياسين :١٩٩٢: ١٣٦ ).

سامی عەوداڵ، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە سەردەمێکدا، شیعرەکانی برتییبوون لە گوتار وخەمی خەڵك.

ئینسان فکری مێژوو پێش دەخا
بۆژین وخۆشی قوەت ڕێك دەخا
دەیهێنێتەوە ناو جەنگ بۆ ئاسن فڕین

ڕۆژئاو وهەڵات بە حەق ڕێکدەخا (د،س :لا١٢٤ )

ڕەهەندی ژیان لای سامی بیرکردنەوە و مێژووە، بیرکردنەوەیە لە پێشکەوتن و زانست و ڕێکخستن. ئەوەی وا لە سامی دەکات ئاوڕلە مێژوو بداتەوە حاڵی پەریشان گەلی کورد بووە، بە درێژایی مێژوو لە پەرتەوازەیی و لەتبوون و دواکەوتوویی، واتە ئەوەی سامی لێرەدا بەرهەمی دێنێت بیرێکی ڕووت نییە، پرسێکە بۆ فکرکردنەوە لە ژیان لە بەرەو پێشچوون وگۆڕان.

بۆیە دەڵێت :

سەربڵنکە ئەی لاوی کورد چاو هەڵینە و بیرکەوە

میللەتی دیل هەژاری ڕوو لە گریان ژیرکەوە

پێی لە کۆتی بەندینخانە و هێشی ناو زنجیرکەوە

کوردە ئیمرۆ ڕۆژی شادیت موژدە بێ ڕۆژی نەوە

هەستە ئاڵای شێرنیشانی زەرد و سورت هەڵکەوە ( د،س: لا ٥٥٠ )

ژیانی کۆمەڵ لە چوارچێوەی ئەو ڕژێمە فکری و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەی کە لە سایەی دا دەژیت دێتەکایەوە. فەلسەفەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی میراتی ( ئۆگست کۆنت و کارڵ مارکس)ە کە بە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ناسراوە، گرنگی بەو ململانێیەی لە کۆمەڵێکی دیاریکراو دەدات و شیدەکاتەوە لەناو کارێکی ئەدەبی، ململانێی سامی لە ناو کۆمەڵی کوردەواری بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەسەڵاتە بووە، کە ئینسانی دیل و بێ توانا کردووە. هاواری سامی بۆلاوان و چینەکانی کۆمەڵی کوردەواری شکاندنی کۆت و پێوەندی دەسەڵاتە نادادپەروەرەکانی سەر کۆمەڵ و هەڵکردنی ئاڵای سەربەستیە کە نیشانەی ئازادی و قۆربانیدان بووە، گوزارشت لە هەردوو ڕەنگی زەرد بۆ هەڵاتنی ڕۆژێکی نوێ و سور بۆ بەرخودان و قوربانی پێشکەش کردنی خوێنی گەشی لاوەکان بە وڵات و نیشتمان.سۆسیۆلۆژیای ئەدەب دەبێت دیالێکتیکی بێت و گفتوگۆ و قسە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا بکات. لە ناو بەرهەمی ئەدەبیدا کەسەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا، لێرەش مەبەست لە وەیە کە ئەو پەیوەندییە دابمەزرێنێ کە لە نێوان کۆمەڵ و کاری ئەدەبیدا هەیە. شاعیر، یەکێکە لەناو کۆمەڵ ئەدەبەکەی لە خزمەتی گەل دابووە، ئەو کەسێك نەبووە لە بورجی عاجیدا و دور لە کۆمەڵ بێت. گرنگی دانی سامی بە هەژاران و ناو هێنانیان و خەباتکردن لەگەڵ ئەو چینە، گرنگی دانە بە چینە کۆمەڵایەتییەکان. هەر لەم چەند دێرەشدا جەخت لە پابەندبونی خۆی دەکات بە چینی هەژارانەوە تا مردن هاو خەبات و هاو خەمیانە بۆیە دەڵێت :

هەتا دەبمەوە خۆڵەکەی جاران

لە لاشەم دەردێ گوڵی بەهاران

دێن لە بۆ سەرم لە بۆگۆڵ چنین

هەردەڵێم ماف و مافی هەژاران (د،س، لا ٤١٣)

خراپی باردۆخی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەلایەتی و نەبوونی دادپەروەری کۆمەلایەتی ڕێگر بووە، لە پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری لە هەموو بوارەکاندا، بەتایبەتی لە سەردەمی شاعیردا، یەکێك لەو ڕەگەزانەی شیکردنەوە و لێکدانەوەی بەرهەمی ئەدەبی لە تیۆری ڕەنگدانەوە، ئاماژەی پێدەکرێت، رەگەزی (توخم، دەوروبەر و سەردەم )ە کە کاریگەری تەواوی بەسەر بیرو لێکدانەوە شاعیر هەیە بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی

ئەدەبی. بەتایبەتی بەلای (تین )ەوە کە دەگاتە ئەو ئاکامەی : ئەو سێ کارکردە بەرپرسیارن، لە دروستکردنی پلەی ئەو گەرماییە ئەخلاقییە یا ئەدەبیەی. کە لەگەڵ ئەم کار یان ئەو کارە هونەریدا دەگونجێت، هەر وەکو ئەو پلەی ماتریالییە بەر پرسیارە، لە شین بوونی ئەم ڕووەك یا ئە ڕووەك، لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا) (کەمال میراودەلی :٢٠٠٥ : ١٨٧ ).

سامی دەپرسێ؟!!!!ئێ بۆ وایە ؟

هەندێ کەس برسی و بێکڵاوە

لە برسان سیس و کالە دڕاوە

هەندێکیش تەلار بۆی ڕازایتەوە

خواردنی مریشك و گۆشت و پڵاوە

یان هەنگوین وشیر دەژی بە باشی

لە سەر قالیچە و لە قەسری کاشی

لە خەوهەڵدەستی حەمام حازرە

هەژاریش نیتی پارەی باراشی

لەسەر حەسیری گوشێکی دڕاو

بێ کونجە خانی نە نان و نە ئاو

(سامی ) لێدەکەن وەکو ئیزرائیل

کاتی قوڕشێلان کە چووە ناو قوڕاو        (د.س، لا ٥٤)

پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەواری بەسەر چەند توێژو چینێك دابەش بووە، هەژارو دەوڵەمەند و جوتیار و دەرەبەگ، لە چینە سەرەکیەکانی کۆمەڵی کوردەوارین، کە هەست بە جیاوازی ژیان و گوزەرانیان دەکرێت، هەرچەندە کۆمەڵی کوردەواری(ئەوجۆرە دابەشبوونە چینایەتییەی بەخۆیەوە نەبینیوە کە کۆمەڵگە کۆنەکانی یۆنان ورۆمان بەخۆیانەوە بینیوە، وەك بوونی چینی خانەدان و عەوام وکۆیلەکان، کورد نەوەی خۆی نەچەوساندۆتەوە (ئێکیزارۆڤ)یش جەختی لەوە کردۆتەوە و گوتوویەتی: باسی کۆیلە لەناو کوردا نەکراوە، کوردان ئازاد بوونە توشی کۆیلایەتی نەهاتوون) (فائزه محمد عزت : ٢٠٠٤ : ١٦ ). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی جیاوازی چینایەتی و توێژەکانی کۆمەڵ لە ناو کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا جۆراو جۆرە پەیوەندی بەو ڕژێمە فکری و ئابوورییەوە هەیە، کە تایبەتن بە پێکەوە ژیان و هەڵکردنەوە. کۆمەڵی کوردەواری خاوەن تایبەتمەندی جیاوازە لەم ڕووەوە توێژبەندی چین و پێکهاتەکان لە چاو کۆمەڵگەکانی تر جیایە کە لە تەوەرەکانی پێشتر ئاماژەمان بەو جۆرە ئابووری پێکهاتە کۆمەڵایەتییە و شێوە ژیان کرد کە تایبەتمەندی کۆمەڵی کوردەواری پاراستووە. بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر کۆی پرسە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، بۆیە شاعیران هەمیشە لە خەمی خستنەڕووی ئەو بارە نا لەبارانە دابوون، کە مرۆڤی کورد تێیدا گوزەری کردووە، زۆر جار باری نە گۆڕی نەتەوەی کورد ڕەنگدانەوەی ( ڕژێمی دەرەبەگایەتییە، ئەمیش لە کۆمەڵی کشتوکاڵی دابووە، کا تا ئەو سەردەمە بە دواکەوتووترین ئامراز و کەرەستەی کشتوکاڵ کاریاندەکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە شاعیر و نووسەرانی کورد باس و بابەتی ئەدەبییەکانیان ڕەنگدانەوەی ئەم لایەنە کشتوکاڵییە بێت و بیرو باوەڕی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو سەردەمە هەلگرێت. ئازارو باری ناخۆشی چینی جوتیار و هەژاری کوردستان، وەك بابەتێکی

سەرەکی جێگای باسکردن و خستنەڕویان بێت، ئەو بەرهەمانەش وەك ئاوێنەی ژیان بە جوانی باری ژیان نا هەمواری کۆمەڵی کوردی سەربە ڕژێمی دەرەبەگایەتی پیشان داوە) (خورشید رشید ئەحمەد: ١٩٨٩: ١٠٧ ). دەتوانین بلێین کۆمەڵ سەرچاوەی سەرەکی ئەدەب و پێگەیاندنی بیری شاعیرە، ئەم کارتێکردنەکەش دوولایەنە، واتە زۆرجاریش شاعیر کار لە کۆمەڵ دەکات و پەیام بۆ کۆمەڵ دەنێرێ وچەوت و چەوێڵەکانی کۆمەڵ بەدیاردەخات. هەوڵ دەدات چارەسەر بۆ دیاردە و کێشەکان بدۆزێتەوە. بۆیە شاعیر بەندە بە سیاقی کۆمەڵایەتیی و مێژوویی کۆمەڵ. سود وەرگرتن لە تیۆری ڕەنگدانەوە بۆ شیکردنەوەی ئەدەب پێویستە، وەك (شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دیاردە ئەدەبییەکان، بەو پێیەی کە بەشێکن لە دیاردە ڕۆشنبیرییەکان بکۆڵێتەوە. بەپێی ئەو تایبەتمەندی و سەربەخۆ ڕێژەییەی کە لە چاو لایەنە مەعریفی و زانستە مرۆڤایەتییەکانی تر هەیەتی)(ئاوارە کمال: ٢٠١٢ : ١٥٤ ). ئەمەش وا لە ئەدەب دەکات هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت. بەتایبەتی لەناو کۆمەڵی کوردەواری زۆر جار زەحمەت بووە ئەدەب و شیعر یاخود شیعرو کۆمەڵ لە ئەدەبی کوردیدا جیابکرێتەوە، بەو پێیەی شیعر ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵدا گێڕاوە. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە تایبەتی لای ڕەخنەگرە مارکسییەکان هەبووە،( بەڵکو ڕوانینێکی زۆر وردیشیان لەسەر ئەو ڕۆڵ وکاریگەرییانە هەیە، کە ئەدەب بە کۆمەڵگای ئەمڕۆ و کۆمەڵگای بێچیینەکانی ئایندە دەگێڕێ، یان ڕەخنەگرە مارکسیەکان لە هەڵبەستنی ئەم ڕوانینە زیاتر پشت بە پێوەر و بنچینەی ئەخلاقی و سیاسی دەبەستن، واتە لەم ڕوانگەوە سەیری پەیوەندییەکان دەکەن)(محسن احمد عمر :٢٠٠٦: ١١٨)، ئەم تێڕوانینە لای سامی هەیە، بێگومان بەهەڵە دا ناچین گەر بڵێین سەرجەم بەرهەمی شیعری گرتۆتەوە، ژینگە و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابووری ئەو سەردەم لەبار بووە، بۆ بەرهەمهێنانی ئەدەبێکی لەم جۆرە هەروەك دەڵێت :

من شاعیرێکم حوسێنم ناوە
زۆر یادم دەکەن گەر سەرم ناوە
لە سەرهەژاری فکری لەت لەتم
لە بیرتان ناکەم تا گیانم ماوە (د،س،لا ٤٥٦)

هەژاری، یەکێکە لەو دیاردانەی کۆمەڵ کە لە حالەتەوە دەبێت بۆ دیاردە لە و کاتەی کە نایەکسانی لە دابەش کردنی سامان و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵ بڵاودەبێتەوە، سامی دوور لەوەی کە خۆی هەژاربووە هەمیشە دەنگێکی بەرزیش بووە، بۆ داواکردنی ماڧی هەژاران و نەداران.(بوونی جیاوازی و نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لە کۆمەڵگای چینایەتی دا دەبێتەمایەی ناکۆکی و زوڵم وزۆر کە چەوسانەوەی چینی ژێردەستەی لێدەکەوێتەوە بە دەستی چینی سەردەستەی کۆمەڵ کە چینی خاوەن موڵك و سەرمایە و دەسەڵاتدارانن)(عوسمان دەشتی:٢٠٠٩ :١٢٥). کەواتە هەموو دەقێکی ئەدەبی بریتییە لە توێژینەوە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ، هەموو دەقێکی ئەدەبی ئەزموونیکی کۆمەڵاتییە. بۆیە سامی دەڵێت :

تەختی شاعیران دەریای ئەشعارە
نەك لە زێڕو زیوو یان بەرد و دارە
لە ڕاستی گووتن خاوەن کورسییە
بۆ یەکی تێر سەتی برسییە (د،س، لا ٣٦٧)

شاعيران له ڕێگای هاوبەشیکردنی له خەمەکانی مرۆڤ ڕێگە خۆشکەرە بوون، بۆ هێنانەدی ئامانجی نوێ. پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و سروشت و سەربەستی تاك وەك پێویستیەك بۆ دامەزراندنی شارستانیەتێك که له سێبەریدا خۆشەویست بەرهەم دێت. بۆیەش هونەر و ئەدەب ئەو پەیوەندییە دەخنەڕوو که هێزو توانایەکی داهێنەر دەخولقێنیت، هەر بۆیەش کەس ناتوانێ بڵێ ئەو ئامانجه ستراتیژیانەی که ڕژێمه چەوسێنەرێنەکانی کۆمەڵ ڕادەوەستێ بەرانبەر ئامانجی نوسەران و شاعیران که به درێژایی چاخەکانی ڕابردوو هەوڵیان بۆ داوە. لەبەرئەوەی سیستمە کۆمەڵایەتییەکان ئەو چوارچێوەن که وێنەی ژیانی تێدایە، شاعیرانیش وێنەی تایبەتیان له بارەی ژیانەوە هەیە له کۆی وێنەکەدا. لەم بارەیەوە سامی دەڵێت :

هەرچەندە برسی و ڕووت و هەژارن

بێ زێڕو زیوو فلس و دینارن

هەر بەرزو باڵاو نموونەی مێژوون

قورس و گرانن هەر پایە دارن                         ( د،س، لا ٥٠٣ )

ئەم وێنەیە گوزارشت له تابلۆیەك دەکات، فیگەرەکانی کۆمەڵێك دەلالەت له خۆدەگرێت، که بریتین له دوو واقیع یەکیان کەسانێك خاوەنی هیچ کەرەستەیەك نین، که زۆر جار بەهای مرۆڤەکان و پلەوپایەیان دەبەسترێتەوە به بوونی مادده لای مرۆڤەکان، له لایەك شکۆمەندی ئەو کەسانه لەوە سەرچاوە دەگرێت، که خۆیان به بەهاو ڕێزی تایبەتن دوورن له هەموو ئەو پێوەرانەی هەندێك کەس بۆ هەژاران هەیانە. وەك دەوڵەمەندەکان که هەموو کات خەریکی کۆکردنەوەی پارەن (لەباتی بیرکردنەوە، بیر له پارە دەکاتەوە دواتریش شانازی به پارە دەکات. ئەخلاق بۆ پارەکەی ساز دەکات که هەمان ئەخلاقی دژە ئەخلاقە (نیچە) ڕەخنە له دەوڵەمەندەکان دەگرێت، ئەو کەسانەی که (نیچە ) ڕەخنەیان لێدەگرێت دەوڵەمەندەکانن، شەرافەتمەند بوون، هەمان گەورەیی و مەزنی مرۆڤە و به پارە ناسەندرێت و مرۆڤی ژێر پارەی بۆژیان دەوێت، نەك ئەویکە پارە ژیانی بخوات و کاری نامرۆڤانەی پێبکات)(محمود خاتەمی : ٢٠١٣ :٤١-٤٢). ئەمەش وا کاری ئەدەبمان بۆ دیاری دەکات، که لەم وێنەوە بۆ مان ڕوون دەبێتەوە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی له واقیعی ژیانەوە سەرهەڵدەدات. که جەختیش دەکاتەوە له ڕەهەندی تاك، که بریتییە له ئەندێشە و خەیاڵی نووسەر. بۆیە هەموو کارێکی ئەدەبی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات، پێشکەوتن و هەموو بەرز و نزمێکی دەکەوێتە ژێرکاریگەری واقیعیی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی.

بۆیە دەڵێت:

من له قەڵاتی هەژاریی و نەبوون

سەرم گەیشتە پەنجەرەی گەردوون

گەمەم پێ دەکا هێزی هەبوونی

یەخەم بەرنا دا لوسکەی فێرەقوون                     ( د،س، لا ٤٤٥ )

بەکارهێنانی زمانی سادە و بازاڕی له گوزارشتکردنی وشە و پەیڤ لای شاعیر، بۆ کاریگەری ئەو هێزە دەگەڕێتەوە که یاری به چارەنووسی شاعیر و گەل دەکات، کەف وکوڵی شاعیر ئەوەندە زۆرە وشە نادۆزێتەوە بۆ تەعبیرکردن له بێزاری و دڵتەنگی شاعیر، بەرانبەر ئەو زەبرو زەنگەی که نەبوونی ڕووی تێکردووە. چەمکی هەژاری تەنها هەر نەبوونی و نەداری نییە، بەڵکو بریتیی بووە له هەژاری فەرهەنگی و مەعریفی لەو

سەردەمەدا. (هەژاران و نەداران و هێزە لاوازەکانی کۆمەڵگا پێویستیان بەوە نییە باسی گرنگی دادپەروەریان بۆ بکەیت، ئەوەی پێویستیی بەم باسەیە دەوڵەمەندان و دەسەڵاتداران و بەهێزانی کۆمەڵگان)(مەریوان وریا قانع، ١ :٢٠١٣: ١٨٨). هەر بۆیەش سامی دەڵێت :

کاکە شفتی و گندۆرە لەماڵی میران زۆرە
هەژار دە با لە بۆخۆی لێدا زوڕناو بالۆرە
دەبێ هەر بۆ خۆی ئەو نانە بەو دۆشاوە
بچێتە دەریای خەیاڵ با هەر بژی بەو جۆرە                ( د.س، لا ٤٠٣ )

هەرچەندە گوزارشتەکە زمانێکی سادە و ڕەوان و بێ گرێو گۆڵەیە، بەڵام مەبەستێك دەگەیەنێ کە پڕە لە جیاوازی، واتە ئەوەی هەیە لای دەوڵەمەندان و دەسەڵاتدارانە، هەژار بێبەش و بێدەرەتانە.( گۆڕانی زمانی شیعریش لە شێوازە ئاڵۆزەکەی بۆ بەکارهێنانی شێوازێکی سادە لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە بووە. کە دەتوانیین بڵێین یەکێك لە گرنگترین ئەو هۆیانە ئەوە بووە کە شاعیران خۆیان لە باوەشی واقیعێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نا لە بار دابینی و لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخە نا هەموارەکەی سەردەمەکەیان بوون)(پەرێزسابیر : ٢٠٠٦ : ٣٣٦ ). ئێمە لەو باوەڕەداین کە سامی ڕاستە لە بەکارهێنانی ڕوخسار و کلێشەی کلاسیکیەت لای نەداوە، بەڵام مەبەست و ناوەرۆکی شاعیرانەی لە دەرخستنی بیرو بۆچوون و کێشەکانی سەردەمەکەی ناوەرۆکێکی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە  بووە. کە گوزارشتە لە تاکی ئەو سەردەمە و کۆمەڵی کوردەواری ئەو سەردەمە.( شاعیر و نوسەران باری ماددی کۆمەڵایەتی خۆی پشتگوێ دەخات و بە پێچەوانەی چێژو خواستی کۆمەڵ دەردەدڵان دەکات، لەگەڵ دەورو بەرەکەیدا ناکۆکە و هەوڵدەدات بیگۆڕی)( هیمداد حسین : ٢٠١٠ : ٢٣)،  لێرەش سامی لەگەڵ میرو دەسەڵاتداران ناکۆکە و ئەو ناکۆکیەی کە لەنێوان هەژار و دەوڵەمەندان هەیە، دەیخاتە ڕوو بەمەبەستی چارەسەرکردن.

**ئایدۆلۆژیا و شیعری سامی عەودالّ:**

بە درێژایی مێژوو بەردەوام شاعیران لە دەڤەری خۆیاندا زنجیرەیەکی فراوان لە ئەندێشە و ڕوانگەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ئەخلاقی دەبینێتەوە. کە بواری چەندین کاریگەری جۆراوجۆر پێکدێنن. بێگومان ژیان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەری بە سەر شاعیرەوە هەیە، ئەم کاریگەرییەش بە چەندین شێوەی جیاواز دەردەکەوێت. ڕەنگە ژیاننامەی نووسەر زۆر گرنگ بێت بۆ کەسێك کە هەمیشە لە ڤەیران دا بووە چاوی هەڵێناوە لە ناو ڤەیران بووە، لە ناوچەیەك ونیشتمانێك لەدایك بووە، مێژوویێکی دوورو درێژی لە خەبات و ناکۆکی وململانێ  لەگەڵ دوژمنانی کورد هەبووە. هەر چەند بێۆگرافیای شاعیر یا نووسەر هۆکارێکی لاوەکییە لە توێژینەوە لە بەرهەمی ئەدەبیدا، هۆکاری سەرەکی و جیهانبینی شاعیر بابەتە کۆمەڵایەتی و بایەخدانی شاعیرە بە کێشە سەرەکییەکان، واتە لێکبەستنی بابەت و جیهانڕوانی شاعیر و جیهانبینی شاعیر دوور لە کەسایەتی و ژیاننامەی شاعیر بەرانبەر شاعیرانی کورد بە گشتی و سامی بەتایبەتی کارێکی پێویستە هەموو. دەزانیین کە ئەوەی دیدو ڕوانگەی کەسەکان و شاعیران دروستدەکات ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و کەسییەیە کە شاعیر لە ناویدا دەژی، ئەستەمە سامی لە ژینگە کۆمەڵایەتیی و دەورو بەرو کۆمەڵ جیا بکەینەوە لە وانەیە ئەو ڕوانینە یاخود جیاکارییە بۆ شاعیرانی و نووسەرانی ڕۆژئاوا کارێکی ئاسایی بێت، بەڵام دابڕینی شاعیر لە ژینگەی کۆمەڵایەتی لە ناو ئەدەبی کوردیدا، کارێکی گرانە لەبەرئەوەی شاعیر کەسێکە لەناو کۆمەڵ پێی

کاریگەروکارتێکراو دەبێت. دەتوانین ئەم پرسە بۆ تایبەتمەندی کۆمەڵی کوردەواری بگەڕێنینەوە. واتە کۆمەڵی کوردەواری و ئەدەبی کوردی بەو پێوەرانە هەڵنەسەنگێنین کە ئەدەبی گەلانی ڕۆژئاوا پێی هەڵدەسەنگێنرێ. بێگومان ڕۆڵی تاکی شاعیر لەم کارانە پشتگوێ ناخرێ لە خولقاندنی بەرهەمی ئەدەبیدا. لە بەرئەوەی بەرهەمی ئەدەبی کاری نووسەرە هەرچەندە ئەم بەرهەمانە خۆڕایی نین، چەند پێکهاتەیەك ئەم بەرهەمە ئەدەبیە دەخولقێنن، قەیران وئاڵوگۆڕی قوڵی کۆمەڵایەتی بۆ خولقاندنی بەرهەمی مەزنی ئەدەبی و ئەزموون وئاسۆی هزر ئاراستەی کۆمەڵ دەکەن، کە بەرانبەر دەقی ئەدەبی پێویستی بە شرۆڤە کۆمەڵناسانە هەیە. بەرهەم و شیعری سامیش پێویستی بەم شرۆڤەیە هەیە، چونکە بابەتەکانی ئایدیۆلۆژیا و توخمی سەرەکی پرسەکانی کۆمەڵی کوردەوارین. بێگومان پێویستە ئاماژە بەو قۆناغە بکەین کە هەم بەرهەمە ئەدەبیەکە و هەم شاعیریش تێیدا ژیاون، بابەت و پرسە سەرەکییەکانی سەدەی بیستەم و جەنگە گەورەکانی جیهانیی یەکەم ودووەم وێزگەی ژیانی شاعیر بووە. ئادگارر و سیمای ئەو ڕۆژگارەش پڕبووە، لە بابەتی نوێ و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا کە تازە بووە، بۆ ئەدەبی کوردی و شیعری شاعیرانەوە ( دەقی شیعری ئەو قۆناغە دەرهاویشتە و بەرهەمی بزاڤی مێژوو واقیعی کۆمەڵایەتی بوو. کەواتە ئەدەبێك بوو شێوەیەك لە شێوەکانی وشیاری کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکرد بەو مانایەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەدەبی و ئایدیۆلۆژی، بەشێکە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی گشتی و لێێ جیانابیتەوە)(ئازاد عبدالواحد کریم : ٢٠١٣ : ٢٦٥ ). گەر بە وردی سەیری شیعری سامی بکەین هەمیشە داوای ڕاپەڕین و هەڵسان دەکات لە گەنج ولاوی وڵات هەمیشە داوای بەرخودان گیانفیدایی دەکات بۆ نیشتمان.

سامی دەڵیت :

هەستە ئەی کورد خوێن بڕێژە ڕۆژ لە خۆت ئاوامەکە
نادرێ ماف خوێن نە ڕژێ خوێن نە دەی داوامەکە
وەختی ئازادیت نە دۆڕێ کاری خۆت ساوامەکە
هەرچی ئیمڕۆی دا بە دوێنێ ڕووت و برسی مایتەوە
ڕووی ڕەشە وەك پشتی قاز و غیرەتی تاوایتەوە (د، س، لا ٥٤٩ )

داوای سامی زۆر ڕوون و ئاشکرایە بۆ خەبات و کات بەفیرۆنەدان، چونکە دەرباز بوون تەنها لە ڕێگەی هەوڵو تێکۆشان و شۆڕشەوە دەبێت. لە ڕاستیدا ماف نادرێ بەڵکو دەسەندرێ، میللەتێك بیەوێ ڕۆژی سەربەستی لێ هەڵبێت دەبێت خوێن برێژێ و خوێنی لێبڕژێ. ئێمە لە چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەموو وشەکان دەگۆڕین بۆ ئاماژە و بەهای دەلالەتەکانیش گوزارشت لە پێداویستییەکان دەکەن. ئاماژە و نیشانەکان هاتووچۆ دەکەن لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژیا کە پەیوەندیەك دەرخسێنی لەنێوان دال و مەدلولە، بۆیە هەموو ئایدیۆلۆژیەتێك هەڵگری بەهایەکی دەلالیە لە وشە و نیشانەکە بۆ پێکهاتە دەچێت. پێکهاتن ڕێکخستنێکی تەنە ماددیەکانە پێکهاتەی زمانەوانیش ئەو بابەتانەی کە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ بەکاردێت، بەشێوەی زارەکی و نوسین وشەکان وپێکهاتەکان لە قسەکەرەوە بۆ وەرگر هاتووچۆدەکات. ئەو کردارە دێت و دەچێ و پەیامەکە دەگۆڕێ بەو ئاراستەیەی کە خۆی مەبەستیەتی بۆئەوەی نامەکە بگەیەنێ پێویستە لە پێکهاتەوە ببێ بە داڕشتن و داڕشتنیش ئەو تەعبیرەیە کە نامەکە دەگۆڕێ بۆ داڕشتن لە سیاقە کۆمەڵایەتییەکە دەردەچێ و لە سیاقی زمانەوانی دەمێنێتەوە.

بەم شێوەیە ئایدۆلۆژیا بەهەردوو باری ئاسۆیی و شاقوڵی سەیر دەکرێت. بە باری شاقوڵی وشە لە نیشانە بۆ پێکهاتە و لە باری ئاسۆیی وشە و نیشانە دەگۆڕێ بۆ گوزارشت کردن لەزمان و قسەکردن. بۆیە ئاستی ئایدۆلۆژیای کۆمەڵ لەگەڵ سیاقی پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی دەگوازێتەوە بۆ داواکاری داڕشتن و گوزارشتکردن. لێرەدا گەرتەماشای هەردوو سیاقی ئاسۆیی و شاقۆلی بکەین بۆ نیشانە و پێکهاتە بەم شێوەیە دەبێت کە (هەستە ئەی کورد) لە باری شاقولّیەوە، بریتیە لە پێکهاتە لە نێوان فرمان و ناو کە بریتییە لە پێکهاتەیەکی زمانەوانی .لەباری ئاسۆییەوە، بریتیە لە چەمکی هەستان بۆ شۆڕشکردن و خوێن ڕشتن کە گوزارشت لە ئایدۆلۆژیایەك دەکات. لە پشت هەڵسان و ئەنجام دانی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان. بەم شێوەیە نیشانەکان دەبن بە ئایدۆلۆژیا و کێڵگەکانی ئایدۆلۆژیاش دەگۆڕێ وچەند شتێك وشێوازێك  واقیعی لێ دروست دەکات. هەموو فێڵدیکیش واقیعەکەیە بەڕێگەیەکی تایبەتی بۆ خۆی دادەنێ و ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەبینێت. بۆیە (ئالتۆسیر )، پێی وایە: ئایدۆلۆژیا پیشاندەر و دەربڕی وێنایەکی خەیالّی بارودۆخێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی جەماوەرە، بە بڕوای ئالتۆسیر، ئەدەب جۆرێك لە ڕوانین و تێگەیشتن وهەست پێکردنی ئەو ئایدۆلۆژیانەیە کە لە ناخیدا لەدایك بووە و، تیایدا نوقم بووەو، تێگەینی مرۆیی لە باشترین شێوەی خۆیدا وەکو بەرهەمی ئەدەبی خۆی لە ئایدۆلۆژیا جیادەکاتەوە و، لەهەر بارێکدا و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لاوەکی ئاماژەی بۆ دەکات)( بەختیار سەجادی : ٢٠٠٤ : ١٢ ). بەم شێوە تەماشای بەرهەمی شاعیران دەکەین وەك تێکەڵەیەك لە ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو لەگەڵ جوانناسی کە بوار بۆخوێندنەوە و کاریگەری دەرەخسێنێ. بەم شێوەیەی کە سامی لەم چەندێرە شیعرە دەیخاتەڕوو:

لاوی کورد قوربانی دەربێ شۆڕشێ بەرپادەکا

کاتێ تاریك بوون لەڕێی گەل وەك چراخۆی پێدەکا

ڕۆڵە ڕیی ئازادی میللەت خوێن دێ پرسی پێ دەکا

پێی دەڵێ من ئاوی داری حوڕ و ئازادیمە هەر

شین بکەم لەم نیشتمانەی بۆ هەژاران بێتەبەر ( د.س، لا ٥٦٣ )

ناوەرۆکی شیعری سامی دەریدەخا کە جیاوازی لە نێوان سیاسەت و ئایدۆلۆژیا و ئەدەب دانییە. لای سامی شیعر ئامرازێکە بۆ دەرخستنی ئایدۆلۆژیای شاعیر، ئەمەش پرسیاری ئەوەمان لا دروست دەکات، ئایا شاعیر پارێزگاری لە توێژو چینەکەی خۆی دەکات؟ لەوانەیە ئەمە تەنها لای سامی وابێت، بەڵام مەرج نییە شاعیر گوزارشت لە چینی خۆی بکات لەوانە شاعیر هەبێت سەر بە چینی بۆرژوازی بێت و پارێزگاری لە چینی هەژاران بکات. لای سامی چین یا پێگەی کۆمەڵایەتی شاعیر کاریگەری سەرەکی لەسەر شیعرەکانی هەیە لە ناو شیعرەکانیدا شوێن و پێگەی شاعیر دیاردەکرێت زۆر جار هەڵوێستی شاعیر بەرانبەر لایەنگیری ئایدۆلۆژیەکی تایبەت، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە شاعیر سەر بە چ گروپ و ئایدۆلۆژیەتێکە. هەر لەم ڕێگەیەوە دەتوانین باری کۆمەڵایەتی و ئابووری وئایدیۆلۆژی شاعیر دیاری بکەین. لێرەدا لەم پارچە شیعرەی سەرەوە لایەنگیری شاعیر وەکو کەسێکی ئازادی خواز و داواکاری داوەری کۆمەڵایەتی بەرچاو دەکەوێت.( ئازادی و یەکسانی دووسیفەتن لە ئینسان  خۆیا هەن، بەشێکن لە سروشتی ئینسان خۆی، یاخود شتێکن سروشت بە ئینسانی بەخشیوە، بەڵام کێشەکە لە وێوە دەستپێدەکات کە کۆمەڵگا و دەوڵەت و حوکمڕانی ئەم ئازادییە و یەکسانییە

سروشتيان له ئينسان سەندۆتەوە. لەم ديدەدا نەبوونی يەکسانی و نەبوونی ئازادی لەسيفەتەکانی ئينسان نين، بەڵکو له سيفەتەکانی ئەو دونيايەن که ئينسان دروستی کردووە) (مەريوان وريا قانع١ : ٢٠١٣ : ٣٤٤-٣٤٥ ).

**رەهەندی سايکۆسۆسيۆلۆژيا :**

خودی مرۆڤ، Self له خۆيدا خۆيەکی کۆمەڵايەتييە، کەسايەتييە. له نێوکۆڕ و کۆمەڵگا و جەوهەرەکەی له کۆمەڵگا و تاقمە کۆمەڵايەتی و له چوارچێوەی پێوەندييە کۆمەڵايەتييەکاندا دەردەکەوێت و، بەرجەستە دەبێت بۆيە دەکرێت بڕيار بدرێت و کە ئەم خۆيە ئەنجامی ئاوێتەبوونی دووهۆکاری بنەڕەتييە :

يەکەم : هۆکاری دەروونی ( سايکۆلۆژی ) ناوەکی، کە پێوەندە بە ناخی دەروونی مرۆڤەوە هەيە و کە تايبەتمەندی هەر تاکەکەسێك بە جيا دەردەبڕێت و له کەسانی ديکە جيا دەکاتەوە.

دووەم : هۆکاری کۆمەڵايەتی، کە ئەو کارە دەردەخات کە بنيادی کۆمەڵايەتی و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و ژينگە و دەوروبەر، کە مرۆڤ له چوارچێوەياندا دەژيا و کاردەکات و چالاکە، کاری لێدەکەن. تێکەڵاوبوونی ئەو دوو هۆکارە دەبێتە مايەی پەيدابوونی خۆی کۆمەڵايەتی) (حميد عزيز : ٢٠١٤ :٢٨٤ ). خۆی کۆمەڵايەتی دووجەمسەرە کە يەکيان نوێنەرايەتی خود دەکات و ئەويتريان کۆمەڵ و دەوروبەر شاعير هەرچەندە خۆی بە کۆمەڵەوە گرێ بدات و خەمەکانی بخاتەڕوو ناتوانێت دووربێت له هەست و سۆزی و تێکەڵاوی وێنەکان، لەگەڵ کەسانی تر له ڕێگای زمان گوزارشتی لێدەکات و، بە شيعر دەری دەبڕێت لێرەدا دەپرسين ئايا ئەو ناوەرۆك و بابەتانەی شاعير دەريدەخات له دەروونی شاعيرەوە نايەتە دەرەوە؟ بێگومان شاعير هەموو پرس و کێشەکان له ناو خودی خۆييەوە دەبينێت هەربۆيە جارێك نوێنەری تاکەو جارێك کۆ. بۆيە دەڵێت :

نە ئەهلی کۆنە ئەربيلم بە بێ جێگام و بێ خانەم
نە بۆساکينی ئەرزێکی دڵی بێ چارو پەروانەم
گەهێ وەحشی گەهێ بەخشين گەهێ پڕدين گەهێ لادين
گەهێ خازين و گەهێ شازين گەهێ مەجنوونی دێوانەم
گەهێ سەرخۆش گەهێ خامۆش گەهێ بێ هۆش گەهێ پڕ جۆش
گەهێ سوڵتان گەهێ عاميل گەهێ کوژراوی موژگانم
گەهێ کوردو گەهێ تورك وگەهێ ئيعرابی سەحرامە

دواتر دەڵێت :

گەهێ زندی گەهێ مردی گەهێ خەوتوو گەهی وشيار
گەهێ پڕئێش له هيجرەت دا گەهێ ئازادی مەيدانم
گەهێ واعيز گەهێ باريز گەهی سالار گەهی تاتار
وەکيلی تەختی بەلقيس و بێڵاتی شا سولەيمانم (د،س، ١١٩ )

ديارە لێرەدا ئاوێتەيەك هەيە له خودی شاعير و هەموو ئەو حالەتانەی کە بەسەر شاعير دێت، له هەڵچوون و داچوون ئەم هەموو گۆڕانە له حالەتێکەوە بۆ حالەتێکی تر ناجێگيری شاعير دەگەيەنێ، هەر لەباری سايکۆلۆژييەوە بۆ حالەتی کۆمەڵايەتی گەر بە وردی سەيری دەقە شيعريە کە بکەين زۆر بەڕوونی دڵەڕاوکی و ناسەقامگيری دەروونی لە لای شاعير بەدی دەکەين، سەرباری ئەمانەش ناتوانێ دووركەوێتەوە لە ژينگە و

دەوروبەر، ئەوە دەسەلمێنی کە شاعیر کەسێکی کۆمەڵایەتییە و لەلایەکی تریشەوە هەموو ئەو شتانەی نیگەرانی کردووە ئاوێتەی خودی خۆی کردووە. بەلای فرۆیدەوە (ئەدەب و هونەر بەگشتی شێوەیەکە لە شێوەکانی دەربڕینی ئەو ئارەزووە چەپێندراوانە و وێنەیەکە لە وێنەکانی خۆدەربازکردن لەو دیاردە چەپێندراوانە لە نەستی ئەمبارکراودا)( هەڵمەت بایز رسول :٢٠١٢: ٣٤). زۆر جاریش ئەو گرێیە دەروونیانە بریتین، لە ترس و دڵەڕاوکێ وقین و حەزو شەرم و بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕیتەوە کە منداڵبووە و دیارە ژیانی سامیش و ئەو نەهامەتیانەی هەر لە منداڵیەوە بەسەری هاتووە ئەو گرێیە دەروونیانەی لا دروست کردووە. ئەوەی بەئاشکرا بەرچاو دەکەوێت، هەڵبژاردنی نازناوی شاعیرە کە بریتییە لە ترس واتە سام شاعیر لە کۆتایی زۆربەی شیعرەکانی (سام) دێنێتە گۆڕی کە بەلای ئێمەوە ئەو ترسە یە لە ژیان لە نەبوونی لە بێدەرەتانی لە برسییەتی لە ڕووتی لە هەژاری واتە ژیانی سەرچاوەی هێنانەدی ئەو ترسە بووە، کە لە بۆتەی دا نازناوی شاعیری لێهاتۆتە کایەوە. هەرچەندە ( د. کمال مەعروف ) لە بارەی نازناوی شاعیرەوە کە(سامی )یە وای لێکداوەتەوە کە نازناوی سامی لە ئەفسانەیەکی کوردی وەرگرتووە ، گوایە ناوی پاڵەوانێکە) (کمال معروف : ٢٠١٠ :٩ ). بەڵام بەلای ئێمەوە ئەو هەڵبژاردەیە بۆنازناوی سامی بریتییە لە سەرجەم ئەو ترس و سامەی شاعیر هەر لە منداڵیەوە تاکو ناوگۆڕ بەرانبەر هەموو ئەو ترسە لە ژیان و مردن و خواو و گەردوون و بوون ، بیرۆکەی قایل بوونی ئەو نازناوەی بۆ داناوە کە هەڵگری هەموو ئەو ژیانە پڕلە ئەشکەنجەیە. بۆئەم مەبەستە دەتوانینن کۆمەڵێ لەو دەلالەتانەی ترس کە لە دەروونی شاعیر بووە. لە کۆتایی شیعرەکان و قەسیدەکان بخەینەڕوو کە بەڵگەی ئەو ڕاستیەن :

ترس لە هەژاری

من فەقیرو دڵ حەزینم بۆ هەژاریم خەم دەخۆم
ڕووت وبرسی ودەردەدارم ساڵی جاری خۆم دەشۆم

لەکۆتایی دەڵێت :

هەژارو دەردەداری تاکەی دەنۆشی سامی
تۆفەقیرو بێمەکانی قەت مەڵێ من خەلقی کۆم ( د، س، لا ١١٢ )

ترس لە مردن

دوژمن هەر دەمرێ لە سامی کوردان
ڕێی لێگیراوە ماوە سەرگەردان ( د، س، لا ٤٩ )

ترس لە خوا :

ئیلاهی بکە ڕەحمێ بەو سامی گوناهکار
واکەسەرسوڕما کەوتیتە ئەزیەت و ئازار ( د، س، لا١٦٩)

ترس و دڵەڕاوکێ بەرانبەر خواو پێغەمبەر :

سامی زیندانی غەمانم یارەسول الله دەخێڵ
تۆ پەریشانیم دەزانی بۆچی فیکرم دەمدەمە ( د، س، لا١٧٦ )

لەم دێڕە شیعرانەی سەروە بۆمان دەردەکەوێ، کە سامی هەر لە خۆڕا ئەو نازناوەی بۆ خۆی هەڵنەبژاردووە. بەڵکو چەندین هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی وایکردووە، ئەم تێگەیشتنە لە نازناوەکەی ڕەنگبداتەوە. ئەرستۆ

هەر لەسەرتاوە وەکو لێکدراوێك بەهەستی بەزەیی و ترس ئەو شێوازەی لە تراژیدیا بەکارهێنا. دواتر لە سەدەی بیستەم ئەو ڕەخنەی دەروونناسی بەستراوەبە ڕەخنەی ئەدەبی . (هونەر ئەوتاکە بوارەیە کە تا ئێستا توانیویەتی بگاتە هێزی ئەندێشە لە هونەردا ڕازونیازەکانمان تێردەبن و دەگەن بە ئاوات لەڕێگای ئەو فانتازیا هونەرییەوە هەڵچوون وشوێنەوارەوە دەروونییەکان دڵنەواییان دێت. ئەوەش ڕاستە هونەر بەسیحر و هونەرمەندیش بەساحیر ناودێرکراوە)(جان بیلمان نویل:١٩٩٧ :٢٣). بۆیە لە ڕێگای شیعرێکەوە یا ن تێکستی گۆرانییەك دەفڕین بەباڵی خەیاڵ و دەگەین بە کەنارەکانی ئارامی هەر شاعیریشە ئەو کەش و هەوایەمان بۆ دەخولقێنێ. بۆیە خودی شاعیر لە ڕێگەی زمانێکەوە کە لە شیعردا بەرجەستە دەبێت. دەروونی شاراوەی شاعیر تێدا گوزارشت لە هەموو وێنە ڕیالیستیەکانی دەروەی خودی شاعیردەکات(ئەو وێنانە لە دیوی ناوەوەی شاعیردا بەپرۆسەیەکی چڕوپڕ هەریەك لە ڕەگەزەکانی کەسایەتی دەروونی شاعیر کە لە من ، منی باڵا ، ئەو . منی بەرگریکەر پێکدێت) )( مهاباد قەرەداغی : ٢٠٠٤ : ١٩٣)، مرۆڤ هەمیش لە ململانێیە لەگەڵ خودی خۆیدا ئەو ململانێیە دەگوازێتەوە، لە ڕێگای هونەرەوە هەر بۆیە فرۆید لە ڕێگای هونەرەوە لە کەسایەتی و خودی مرۆڤ گەیشتوە لە ڕێگای ئەدەبەوە دەروونشیکاری گەشەپێداوە.

بەدوای نەفسی پیس ئارەزوو کەوتن
مسۆگەر دەبێ بۆ تۆ ژێرکەوتن
بەخۆت و نەفست هەر یەکدی دەخۆن
جەنگە لەڕێگای بەزیان و چەوتن                    ( د، س، لا٤٨٨ )

ئەو ململانێیەی لەنێوان نەفس بەدکار یا پیس کە لە شیعری شاعیرانی کلاسیك و کۆن دا هاتووە، بریتییە لە و لایەنە ناکۆکەی نێوان خودی مرۆڤ، لە نێوان من و ئەو و ئەوانی تر کەواتە شاعیر ئەو ناکۆکیە لە ڕێگای نەفسێکەوە دەخاتە ڕوو کە پێی ڕازی نییە، لەوانە بێ هەموو ئەو ئارەزووە چەپێنراوانە بێ کە لە ترسی کۆمەڵ و دابونەریتەوە سەرکوت بکرێنەوە( لە پرۆسەی داهێناندا پەیوەندییەکی دیالێکتێکی لە نێوان ناوەکی وفاکتەرە دەرەکییەکاندا هەیە. بەڵام داهێنەران بە ئەندازەیەکی زیاتر کاریگەرن بەفاکتە ناوەکییەکان. بێگومان فاکتەری ناوەکیش بۆ کاری ئەدەبی بەتەنیا بەس نیە، چونکە خۆ بەخۆ ژینگەی دەرەکیش کاریگەری لەسەر تێکستە کە جێدەهێڵێت، واتە داهێنەران نوسینەکانیان تەنها لە پێناو خۆیاندا بەکارناهێنن، مستەفا سویف دەڵێ: پەیوەندی نێوان دەرەوە و ناوەوە( دەرەوەی کۆمەڵایەتی و ناوەوەی دەروونی ) پەیوەندییەکی تا ئاستێکی زۆر ئاڵۆزو پێکەوە گرێدراوە. دەرەوە و ناوەوە لێکدانابڕێن و هەریەکەیان مەرجدارە بەوی دیکە. بگرە ئەم پەیوەندییە ئەوە دەردەخات کە فاکتەری ناوەوە بریتییە لە و قەوارە کۆمەڵایەتییەی گۆڕاوە بۆ کۆدێکی سایکۆلۆژی) (نەوزاد اسود احمد : ٢٠١٥: ٢٤٤)، واتە دەتوانین بڵێین مەبەست لە سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی هەردوو هۆشیاری تاك و کۆمەڵ دەگرێتەوە و ئاویتە بوونە لەنێوان سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ( مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەلایەتییە. بە بێ کۆمەڵگەی بچوك (خێزان )، بێ کۆمەڵگەی گەورە ژیانی ئاسان نابێت. من بە بێ تۆ خۆم بەبێ ئەوانی ترناگونجێ و لەکردن نایەت ، هزرو بیری مرۆڤیش ناتوانێ ( منی بۆ تۆ ) وێنا بکات. کە مرۆڤ دەڵێ من یەکسەر ئەوەش لەگەڵیا دێت کە هیچ (منێك بە بێ ئێمە بوونی نییە ) هۆشیاری و ئاگایی خۆیەتی بەهیچ جۆرێك ناکرێ و لە توانای دا نییە لە هۆشیاری کۆ و بە کۆمەڵ و

کۆمەڵایەتی دابڕێت، هەروەها ئاشکراشە کە مرۆڤ سەرنجی خۆی و ناخی دەدات، وەك ئەوە وایە سەرنجی کەس و شتێکی تر بدات، بۆیە بیرۆکەی (ئەوانی تر) وشەی( تۆ) هەمیشە بەشێکە لە بەشە جەوهەرییەکانی ئەو هۆش و ئاگاییەی ئێمە دەربارەی خۆمان هەمانە (ئەوانی تر) بەهیچ جۆرێك کەرەسە و بابەت نییە، بگرە وەك من جەوهەرە) )( حمید عزیز:٢٠١٤ : ١٧١)..جغزی سامیش لە شیعرەکانیدا ئەوانی ترە واتە سامی بریتییە لە ئەوانی تر کە سەرجەم کۆمەڵ و تاکەکان دەگرێتەوە.

## ئە نجامەکان

١- شیعر، لەو ڕۆژەوە پەیدابووە کاری لەسەر ژیان و گەیشتن بە خۆشی و دابینکردنی ئاسودەیی و یەکسانی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا کردووە، هەوڵیداوە بەشداریی ڕاستەقینەی شۆڕش و هەوڵەکانی بە دیهێنانی ئاشتەواییی نیشتمانی و بەرەو پێشبردن وکاریگەری بەسەر گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێت.

٢- لێکۆڵینەوەی ئەدەب لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیەوە. ئەدەب دەخاتە ژێرباری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ئەدەب وەك ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی و شێوەیەك لە شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکی مرۆڤ سەیردەکات. کە دەکرێ ڕاڤە بکرێ لە ڕوانگەی یاساکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان.

٣- خراپی باردۆخی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەلایەتی و نەبوونی دادپەروەری کۆمەلایەتی ڕێگر بووە، لە پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری لە هەموو بوارەکاندا، بەتایبەتی لە سەردەمی شاعیردا، یەکێك لەو ڕەگەزانەی شیکردنەوە و لێکدادانەوەی بەرهەمی ئەدەبی لە تیۆری ڕەنگدانەوە، ئاماژەی پێدەکرێت، رەگەزی (توخم، دەوروبەرو سەردەم )ە کە کاریگەری تەواوی بەسەر بیرو لێکدانەوە شاعیر هەیە بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی.

٤- ناوەرۆکی شیعری سامی دەریدەخا کە جیاوازی لە نێوان سیاسەت و ئایدۆلۆژیا و ئەدەب دانییە. لای سامی شیعر ئامرازێکە بۆ دەرخستنی ئایدۆلۆژیای شاعیر.

٥- زمانی سادەو ساکاری شاعیر هەوڵێکە بۆ گەیشتن بەو ئاستەی کە هەژاران و چەوساوەکانی کۆمەڵی کوردەواری تێیدابووین و گوزارشتکردنە لە خەم و ئازارەکانیان.

**سەرچاوەكان**

**بەزمانی كوردی**

**١- ئەنتۆنی گیدز، ٢٠٠٩،كۆمەڵناسی، و،حسن احمد مستەفا، هەولێر ،چاپخانەی ئاراس ،چاپی یەكەم .**

**٢- ئەبوبكرخۆشناو ، ٢٠٠٢،شیعری بەرەنگاری كوردی(١٩٧٥-١٩٩١ز)، ،سلێمانی، روناكبیری.**

**٣- ئازاد عبدالواحد كریم ،(د)، ٢٠١٣، سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، كەركوك ،بلاوكراوەی كۆمەڵەی روناكبیری كەركوك.**

**٤- ئاوارە كمال سالح، ٢٠١٣، رەخنەی كۆمەڵایەتی و پراكتیزەكردنی لە شیعرەكانی گۆراندا،هەولێر، بلاوكراوەی ئەكادیمیادی كوردی.**

**٥- بسام فكوس (د)، ٢٠١١، دەروازەیەك بۆ میتۆدەكانی رەخنەی ئەدەبی،و،د.محمد تاتانی ،سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران.**

**٦- بەختیار سەجادی و محمد محمودی،٢٠٠٤ ، فەرهەنگی شیكارانەی زاراوەی ئەدەبی، هەولێر،بڵاوكراوەی ئاراس.**

**٧- پەرێز سابیر (د) ،٢٠٠٦، ڕەخنەی ئەدەبیی كوردی و مەسەلەكانی نوێكردنەوەی شیعر ، هەولێر ، بڵاوكراوەی ئاراس.**

**٨- جان فیرفل، ٢٠٠٦ ،تێزەكانی ماركس- ئەنگلز لەبارەی ئەدەب و هونەر، و، فواد مجید میسری، دەزگای چاپ و پەخشی حمدی.**

**٩- شوكریە رسول(د) ، ١٩٨٩، ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب، چاپخانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا.**

**١٠- حمید عزیز(د)، ٢٠١٤ ، بنەڕەتەكانی فەلسەفەی كۆمەڵایەتی،هەولێر،خانەی ئاوێربۆ چاپ وبڵاوكردنەوە.**

**١١- خورشید رشیداحمد،١٩٨٩ ڕێبازی رۆمانتیكی لەئەدەبی كوردیدا، بەغدا،دەزگای رۆشنبیری وبلاوكراوەی كوردی.**

**١٢ —عوسمان دەشتی (د)، ٢٠٠٩، هێمن دەربارەی ناوەرۆكی سیاسی و كۆمەڵایەتی شیعرەكانی، ،هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات.**

**١٣- عبدالله ئاگرین،١٩٩٦ ، شیعری سیاسی كوردی.**

**١٤- كمال معروف(د)، ٢٠١٠، سامی عەودالْ، سلێمانی ، چاپ و بڵاوكراوەی سلێمانی.**

**١٥- كمال میراودەلی(د)، ٢٠٠٥، فەلسەفەی جوانناسی و هونەر ئیستاتیكا،سلێمانی ، خانەی چاپ وبڵاوكراوەی قانع.**

**١٦- فائزە محمد عزت(د)، ٢٠١٤ ، ژیانی كۆمەڵایەتی لەنێوان سەدەكانی (٤-٩ ك/١٠-١٥ ز)، و،سەرمەد احمد ،هەولێر ،خانەی موكریان بۆ چاپ.**

**١٧- مەریوان وریا قانع،فكرو دونیا، ٢٠١٣ ،سلێمانی،ئەندێشە بۆ بڵاوكردنەوە،بەرگی دووەم.**

**١٨- مجید محمود مطلب ،١٩٧٨، شیعرو فەلسەفە، ،و، فواد مجید مسری،بەغدا، ئەمینداری گشتی رۆشنبیری ولاوان.**

**١٩- محمود خاتەمی (پ،د) ، ٢٠١٣ ، سەرەتاكانی فەلسەفەی هاوچەرخ،و، سعید كاكی،هەولێر،بڵاوكراوەی ئاوێر.**

**٢٠- مهاباد قەرەداغی و ئەوانی تر،٢٠٠٤ ،خەیاڵ و ڕۆح ، ،سلێمانی، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.**

**٢١- نەوزاداحمد اسود (د)، ٢٠١٥، فەرهەنگی زاراوەكانی ئەدەبی و زانستە مرۆڤایەتییەكان، سلێمانی ، ناوەندی غەزەلنوس.**

**٢٢-نەوزاد احمد اسود (د)، ٢٠١١ ، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، ، سلێمانی ،چاپ و بڵاوكراوەی سلیمانی.**

٢٣- نسرین رەئووف ئیسماعیل، ٢٠١٠،ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا ساڵانی (١٩٢٠-١٩٥٨ ) ، هەولێر،بڵاوکراوەی موکریان.

٢٤ – هیمداد حسین (د) ،٢٠١٠، دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، هەولێر، چاپ وبڵاوکراوەی موکریانی.

٢٥- هاوژین صلیوە(د) ٢٠١٣ ، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا ، هەولێر، یەکێتی نووسەرانی کورد.

٢٦ - هادی محمدی،٢٠٠٨ ، کۆمەڵگە کلتوور ئەدەبیات لوسیەن گولدمان ، سلێمانی ، چاپ و بڵاوکراوەی سلێمانی.

٢٧- هەڵمەت بایز رەسوول،٢٠١٢،ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شیرزاد حەسەندا، هەولێر، بڵاوکراوەی موکریانی.

کتێب

بەزمانی عربی

١- احسان عباس، فن الشعر ،١٩٩٢ ،عمان ، دارالشروق للنشر.

٢- ایلیا حاوي،في النقد والادب،١٩٨٦ ، بیروت ، دارالکتاب اللبناني.

٣- بیرزیما،النقد الاجتماعي –نحو علم اجتماع النص الادبي،١٩٩١ ، ت، عایدة لطفي ،القاهرة، دار الفکر للدراسات .

٤- جمیل صلیبا ، المعجم الفلسفي ، ٢٠٠٦ ، قم ،ایران، ناشر ذوالقربی.

٥- جان بیلمان نویل ،التحلیل النفسي و الادب،١٩٩٧ ، ت،حسن المودن، مصر ، مطبعة الاهرام.

٦- روجیه باستید، السوسیولوجیا والتحلیل النفسي،ت،وجیه البعیني،١٩٨٨ ، بیروت، دار الحداثة.

٧- زین الدین المختارى ، المدخل الى نظریة النقد النفسي سیکولوجیة الصورة الشعریة في نقد العقاد نموذجا، ١٩٩٨ ، اتحاد الکتاب العرب.

٨- سید یاسین ،التحلیل الاجتماعي للادب، ١٩٩٢ ،القاهرة ، مکتبة مدبولي

٩- سید قطب، النقد الادبي اصوله ومناهجه، ١٩٩٠ ،القاهرة، دار الشروق.

١٠- شوقي ضیف(د) ،البحث الادبي ،طبیعة ،مناهجه ،اصوله ، مصادره،١٩٨٣ ،مکتبة دراسات الادبیة.

١١- عبدالطیف شرارة،معارك الادبیة ، ١٩٨٤ ، بیروت ، دار العلم الملاین.

١٢ – کارلوني و فیللو، النقد الادبي ، ت، کیتي سالم ،١٩٨٤ ، بیروت، منشورات عویدات.

١٣- محمد شبل الکومي (د) المذاهب النقدیة الحدیثة مدخل فلسفي ، ٢٠٠٤ ،هیئه المصریة للکتاب .

١٤- محمد مندور (د) ، في الادب و النقد ، ١٩٨٨ ، القاهرة ، نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزیع.

١٥- ویلبرس .سکوت، خمسة مداخل الى النقد الادبي، ت، عناد غزوان اسماعیل وجعفر صادق الخلیلي ، ١٩٨١ ، بغداد ، دار الحریة للطباعة .

گۆڤار

١- موحسن احمد عومەر (د) ،٢٠٠٦ ، ئەدەب و کۆمەڵگا،رامان،ژ،١٠٥ .

## الملخص

الادب شديد الصلة بالمجتمع، و يصور الحياة الانسانية عامة و الحياة الاجتماعية على الخصوص. فهو يعبر عن بنية فكرية و اجتماعية و اقتصادية تفسر من خلالها افراد الجماعة عن سر وجودها الفكرى و المادي و كما ان الصراع بشتى اشكاله و انواعه مشروع في المجتمع، وكذالك الكتابة الادبية لها مشروعية التعبير عن هذا الصراع الاجتماعي و كنتيجة لهذه العلاقة الوطيدة التي نشات بين الادب و المجتمع ظهرت عدة اتجاهات و مدارس نقدية تنادي باجتماعية الادب. والتي اقرت على ضرورة تاويل وتفسير النص الشعرى، على انه ظاهرة اجتماعية. تناولت فيه دراسة الجانب النظرى لعلاقة سوسيولوجيا بالنص الشعرى من زاوية نقد الجدلي و من نظرة نقاد سوسيولوجيا الشعر اما في الجانب التطبيقي فقد حاولت تفسير نصوص الشعرية للشاعر الكوردي (سامي عودال١٩١٠-١٩٨٥ ) لاهمية الموضوع ولحضور الشاعر في هذه المجالات وتمكينه من تعبير عن هموم المجتمع . لعل ابرز المشاكل التي واجهتني في انجاز هذا البحث هي تلك الاستعمالات المختلفة للمصطلحات الادبية بين اللغة العربية و الكوردية.اما فيما يخص المنهج في هذه الدراسة فهو المنهج الوصفي التحليلي للنصوص الشعرية . اما الاسباب الموضوعية فهي مرتبطة اساسا بقيمة الموضوع العلمية و المعرفية في خقل الدراسات السوسيولوجية الادبية . يتكون البحث من المقدمة و فصلين و اهم النتائج التي توصل اليها من ثم قائمة المصادر. الفصل الاول ثلاث مباحث ، في المبحث الاول تطرقنا الى تعريف سوسيولوجيا و مفهوم الشعروالمبحث الثاني و الثالث يشمل ابعاد علم اجتماع النص شعرى ومنها الاجتماعي و السياسي و النفسي و الفصل الثاني يتكون من المباحث حول جانب التطبيقي للنصوص الشعرية و ابعادها الاجتماعية والسياسية والنفسية عند الشاعر (سامي عودال). واخيرا ختم البحث بملخص باللغة العربية و اللغة الانجليزيية .

## Summary

Literature is strongly related to society and depicts human life in general and social life in particular .It expresses social and economic thoughts which explain the secret of intellectual and physical existence of individual and groups and all kinds of conflict is legitimate in the community ,also literary writings can express the social as result of the close relationship between literature and society several directions and critical schools appeared calling that literature is social .Which acknowledged the need for inter preterit of poetic texts as a social phenomena. It dealt with the studying of the theoretical side of the relationship of sociology to poetic text in the critical view. In practical side attempted to interpret pomes written by Kurdish poet (Sami Audal ١٩١٠-١٩٨٥ ) because of the importance of the subject and the presence of the poet in these areas that enable him to express the concerns of the community.

Perhaps, the most prominent problems I faced the completion of research is the different uses of literary terms between Kurdish and Arabic languages .In this study the descriptive approach is used. The objective reasons are mainly linked to the value scientific knowledge field of sociology literary studies. The research consist of two chapter and the most important findings then the list of sources .First chapter consists of three part .First part deals with the definition of sociology and the concept of poetry .Second and third part deals with the dimensions of sociology of poetic text like social , political and psychological. Second chapter deals with the practical Sid , of poems and their social political and psychological dimension of poems written by(Sami Audal ). Finally the research ends with summary in Arabic and English language